# کوردستانی عێراق
## ٢٠٠٣-٢٠١٤
## توێژینەوەیەکی سیاسی ئابووری ئایدیۆلۆژییە




وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی


سلێمانی ٢٠٢٢

## کوردستانی عێراق(٢٠٠٣-٢٠١٤ )
## توێژینەوەیەک لەرەوشی سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژی
## ئاراستە بەردەوامەکان و ئاڵەنگارییە نوێیەکان •

لەو مانگانەدا، کە کەوتنە پێش ئەو جەنگەی لەساڵی ٢٠٠٣دا، ئەمەریکا لەدژی عێراق سەرکردایەتیی کرد، پسپۆڕانی تایبەت بە ناوچەکەو ئاژانسە مرۆڤدۆستەکان، ئاگاداریی و چاوەڕوانیی جیدییان راگەیاندو بڵاوکردەوە، بەتایبەت سەبارەت بەو ناوچەیەی کە لەبندەستی کوردەکاندا بوو. رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان لە پەلامارێکی نوێ بەچەکی کیمیایی ترسان کە لەلایەن سوپای عێراقەوە لەدژی خەڵکی سیڤیلی کورد، ئەنجامبدرێت. ئەوەی کە هانی قەیرانێکی پەنابەریی دەدات هاوشێوەی ئەوەکەی کە لەساڵی ١٩٩١دا، لەپاش جەنگی کەنداو روویدا. هەندێکی دیکە لەوبارەیەوە مشتومڕیان بوو، کە هەرجوڵەیەکی کورد دژی، وەیاخود لەوانەیە بۆ دەستبەرسەرداگرتنی شارە بەنەوت دەوڵەمەندەکەی کەرکوک، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتێکی، تورکان رادەکێشێتە نێو جەنگەکەوە کە دەرئەنجامەکەی چاوەڕوان نەکراوە. لەسەر ئاستی دوورمەودا، هەندێک لەچاودێران ترسی خۆیان لەو بارەیەوە پێشاندا، کە کوردان ریسکی لەدەستدانی هەموو ئەو دەستکەوتانە دەکەن کە پێشتر بەدەستیان هێنابوو. هەندێک لەوبارەیەوە مشتومڕیان بوو حەتمەن دەبێتە جیابوونەوەی کوردان لەعێراق. ئەوە زیاد لە دە ساڵە بەسەر جەنگەکەدا تێپەڕیوە، کەچی هیچ یەک لەم سیناریۆیانەی باسکراون، روویان نەداو هیچ یەک لەوانەش پێناچێت لەداهاتوودا پێشبینیی بکرێت. لەبری ئەوە، کوردستانی عێراق بەگشتی و لەرووی سیاسییەوە بەشێوەیەکی بەرچاو جێگیریی خۆی پاراستووە، تەنانەت

لەرووی ئابووریشەوە گەشەیکردووە. کوردستانی عێراق، تاڕادەیەکی زۆر لەو ناجێگیرییە سیاسی و ئابوورییە توندوتیژو ترسناکە بەدوورە، کە باقی ناوچەکانی تری عێراقی لەسایەی داگیرکاریی ئەمریکی و پاشتریش گرتبۆوە، لانیکەم تاوەکو سەرهەڵدانی کتوپڕی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) لەساڵی ٢٠٠١٤. وێڕای ئەوەی کە مرۆ دەبێت ئەو کارەکتەرە شاراوەو وێرانکەرو شێواوە ئابوورییە سەرەکییەو گۆڕانکارییانەی دیکە بەکەم نەگرێ و بێبایەخیان نەبینێت، بەڵام هێشتا ئەم رەوش و کارەکتەرە جێگیرو ئاشتییانە رێژەییەی هەرێمی کوردستان، شایەنی شرۆڤەکارییە، هەروەها داوای ئەوەمان لێدەکات جیاوازیی لەو گشتگیرییەدا بکەین کە پاش جەنگەکە لەعێراق پەیوەندی بەجێگیرییەوە هەیە.[1]

لەم بابەتەی بەردەستدا، وێنای بەشێک لەو پەرەسەندنە سیاسی و ئابووری و ئایدۆلۆژییە سەرەکییانە دەکەین کە ناوچەکە لەساڵی ٢٠٠٣وە بەخۆیەوە بینیوە، هەروەها ئاماژە بەهەندێک لەرووداوە بەردەوامەکان دەدەم لەگەڵ رابردووی دووردا. لەرووی ئابوورییەوە، مشتومڕ سەبارەت بەوە دەکەم کە هێشتا ناوچەکە بەوە دەناسرێت کە پشت بەدەرهێنانی نەوت و هەناردەکردنی دەبەستێت. لەرووی سیاسیشەوە، یان بەشێوەیەکی وردتر لەرووی رێکخستنیشەوە، نەریتێکی بەردەوامی لینینیستی پێشاندەدات، بەواتای پێداگریی بەردەوام لەسەر کۆنترۆڵی دەسەڵات و دەسەڵاتی تاکەحیزب بەسەر ژیانی سیاسی و هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنیی ( یاخود بەواتایەکی دیکە، لەلایەن ئەو دەستەو شێوازانەوە کە لەژێر سایەی حیزبدان و پێوەی پەیوەستن). لەرووی ئایدیۆلۆژیشەوە، ناسیونالیزمی سێکیولاری کوردیی لەگەشەکردن بەردەوامە، یەکەمینی ئەو بەردەوامییانە، شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر نییە، ئەوەی دووەمیشیان تاڕادەیەک چاوەڕوانکراوبوو، بەتایبەتی لەبەر تیشکی ئەو راپەرین و ناڕەزایەتییە جۆربەجۆرانەی دژی مەحسوبییەتی چینە دەسەڵاتدارەکان بوون و ئەوەی لەتەواوی جیهانی عەرەبیدا لە ساڵی ٢٠٠١دا، روویاندا. پێدەچێت کە بەردەوامی سێیەم سەنجڕاکێشترینیان بێت. هەتا

ساڵی ٢٠٠٣، ناسیونالیزمی کوردی عێراق بەشێوەیەکی سەرەکیی لەسەنگەری دژایەتیی ناسیونالیزمی عەرەبیی بەعسییدا بوو. هەرچەندە، ناسونالیزمی عەرەبیی، لەماوەی چەندین دەیەی رابردوودا، بەشێکی زۆری لەپێگەکەی خۆی لەدەستدا. بۆماوەیەکی درێژ، تەنانەت کەسانی بیرمەندی پێشکەوتووخوازو خەڵکانیکی دیکەی رەخنەگرو بناغەگرتووی خاوەن دیدی رۆژئاوایی هاوشێوەی (ئیدوارد سەعید) عێراقیان وەک وڵاتێکی عەرەبیی بێ چەندوچون دەبینی.[2] لەو کاتەوە، بەگشتی لەعێراق، هەرچەندە ناسیونالیزمی سێکیولاری عەرەبیی بەتەواو و هەرحال لەناونەچووە، بەڵام وا پێدەچێت کە بەگشتی لەلایەن ناسیونالیزمی هەرێمگەرای عێراقیی و هەروەها وتاری ئیسلامیی و سیاسەت و شوناسی تائفیی و مەزهەبییەوە شوێنی گیرابێتەوە. هەرچەندە، لەناوچە کوردییەکەدا، هێشتا ناسیونالیزمی سێکیولار زیندوو هەراشە، وێڕای بوونی چەندین حیزبی ئیسلامیی و ئەوەی کۆمەڵگای کوردیی بەئاشکرا لە دوو دەیەی پێشوو ئیسلامیترە، بەڵام هێشتا ئیسلامی سیاسی و سیاسەتەکانی شوناسی مەزهەبیی لە کاریگەرێتییاندا هاوشێوەی ئەوە نییە کە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا هەیە، ئەوە بێئەوەی باسی وڵاتانی دەوروبەریش بکەین. دووبارە، ئاڵەنگاری سەرەکی بریتییە لە شرۆڤەکردنی ئەم ئاراستەیە.

لەخوارەوە، پاش گێڕانەوەیەکی کورتی ساڵە چارەنووسسازەکان، پاش ساڵی ١٩٩١و دامەزراندنی دەوڵەتۆکە کوردییە دیفاکتۆکە (هەرچەندە دانپێدانراویش نەبوو) من بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنە سەرەکییە سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژییەکە دەکەم کە لەدەیەی پاش جەنگی ساڵی ٢٠٠٣دا، روویدا، ئەو جەنگەی کە ئەمەریکا سەرکردایەتیی کرد. دوو شت هەن کە دەبێت لەبارەیانەوە هۆشیاریی بدەین، یەکەم ئەوەیە لەسۆنگەی ئەوەوە کە ئەم بابەتە سەرنجی خۆی لەسەر فاکتەرە سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژییەکان چڕدەکاتەوە، هەربۆیە بەدەگمەن ئاماژە بە پەرەسەندە کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکان، بەپەیوەندییە ئیتنییەکان و کەمینەکان دەدات،

لەبەرئەوەش، سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی، گۆڕان لە شوناسە جێندەرییەکان و پەیوەندییەکان، لەگەڵ گۆڕانی سەرنجڕاکیش لە فێربوونی تاڕادەیەک جیهانیی بەزمانی کوردیی، شتێکی کەمم هەیە بوترێت. دووەم، بەو هۆیەوە کە ئەم وتارە تیشک دەخاتە سەر گۆرانکارییە لۆکاڵیی و خۆجێی و هەرێمییەکان، هەربۆیە باس لەپەیوەندییە دەرەکییەکانی ناوچەکە ناکات، بەتایبەتی لەگەڵ دراوسێیە بەهێزەکانی وەک تورکیاو ئێران و هەروەها لەگەڵ هێزە دوورەدەستەکانی هاوشێوەی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا. پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەدڵنیاییەوە گرنگە، بەڵام جەختکردنەوە لەسەر ئەم جۆرە ئاراستەو فاکتەرە بەربڵاوانە، وادەکات کە بایەخی هێزە خۆماڵیی و هاوشێوەکانیان کەمتر دەرکەون و ئاگاییمان لەبارەیانەوە کەمتربێت.

# کوردستانی عێراق (١٩٩١-٢٠٠٣)
# جێگیرییەکی فشەڵ

ناتوانین لە مێژووی دوای ساڵی ٢٠٠٣ی کوردستانی عێراق بگەین بێئەوەی ئەو رێچکە ناوازەیە لەبەرچاوبگرین کە لەپاش جەنگەکەی کەنداوی ساڵی ١٩٩١دا، پیایدا تیپەڕی. لەبەهاری ١٩٩١داو پاش شکستی عێراق لەجەنگەکەدا، دانیشتووانی پارێزگا کوردییەکانی عێراق، وەک زۆربەی بەشەکانی دیکەی عێراق، لەدژی رژێم راپەڕین. رژێم بەخێرایی و بێڕەحمانە ئەم راپەڕینانەی سەرکوتکرد. هەرچەندە، لەباکووره کوردییەکە، دۆخەکە بۆ حکومەت هێندە بەناجێگیریی مایەوە، کە دواجار لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١دا، دەزگا و کاربەدەستەکانی خۆی لەزۆربەی ناوچەکە کشاندەوە.[3] لەشەورۆژێکدا، پارتەکانی کە یەکگرتووبوون لەبەرەی کوردستانییدا، کۆنترۆڵی ناوچەیەکی بەرفراوانیان کرد، لەوانەش شارە گەورەکانی وەک هەولێرو سلێمانی و دهۆک. پارتە سیاسییە کوردییەکان، بەتایبەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) کە لەلایەن مەسعود بارزانییەوە رێبەرایەتیی دەکرا، هەروەها یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ینک) کە لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە رێبەرایەتیی دەکرا، پێگەیەکی جیاوازو تایبەتیان لەنێو ئۆپۆزسیۆنی عێراقییدا هەبوو. ئەوان جگە لەماوەی ساڵانی ١٩٨٨ بۆ سەرەتای ١٩٩١، بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەسەر خاکی عێراق ئامادەیی و بوونی خۆیان پاراستبوو. لەئەنجامی ئەمەشدا، ئەوان بەخێرایی توانیان پێگەو هەژموونی نوێی خۆیان تەنانەت بەڕووی هەر دەستپێشخەرییەک بۆ خۆبەڕێوەبەرییەکی لۆکاڵی بچەسپێنن.[4] چەسپاندنی دەسەڵاتەکەیان سەرنجڕاکێش و ناوازە بوو. بەگشتی، گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی وەک ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و کۆنگرەی نیشتیمانی عێراق (ئای ئێن سی) تەنیا دەیانتوانی لەدەرەوە هەڵسوڕێن، بەتایبەت پێش راپەڕین و دوای پەلاماردانی هەولێر لەلایەن عێراقەوە لە ئابی ١٩٩٦. بەهەمان

شێوە، حیزبی شیوعی عێراق کە لەماوەی ساڵانی ١٩٩٠کاندا، هێزێکی سەرەکیی بوو، هەروەها لەماوەی ساڵانی ١٩٨٠کاندا بوونی پارتیزانی خۆی لە دوورەدەستترین ناوچەکانی کوردستانی عێراق پاراستبوو، پاشەکشەیەکی ئاشکرای لەرووی پێگەو ئەندامێتییەوە بەخۆیەوە بینی

لەراپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١دا، ئەرشیفی دەزگا ئەمنییە لۆکاڵییەکان، چەندین بەڵگەنامەی نووسراو بینراوی تێدا ئاشکرابوو، کە تایبەتبوون بەو ئەشکەنجەو ئیعدام و تاوانانەی دیکە کە رژێمی بەعس کردبوونی. ئێستاکە بۆ یەکەمین جار بوو کە بواری ئەوە هەبوو بەئاشکرا مشتومڕ سەبارەت بە کارە تۆقێنەرەکانی حوکمی سەدام حسێن بکرێت، بەتایبەتی درکی تەواو هەبوو سەبارەت بەئاستی ئەو جینۆسایدو کۆمەڵکوژییانەی کە ناوی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالی لێنرابوو، ئەوەی رژێمی بەعس لەساڵەکانی ١٩٨٧و ١٩٨٨دا، ئەنجامیدا.[5] بەو شێوەیە، وێنەی ڤیدۆیی ئەنجامدانی ئیعدامکردنەکان، ئازادانە دەستاودەستی دەکرد، تەنانەت لەسەر شاشەی تەلەفیزیۆنە خۆماڵیی و نێوخۆییەکانیش پەخشدەکرا. کاریگەریی رۆشنی نمایشی ئەم تاوانانە، کە بەشێوەیەکی تایبەت لەماوەی پێشوودا زانراوبوو، بەخێرایی شەرعییەت و رەوایەتیی حوکمی بەعسی لەنێوبرد. بەرەی کوردستانی لەپێناوی چەسپاندنی شەرعییەتی خۆی و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیدارییەی هاتبووەئارا، هەڵبژاردنێکی بۆ پارلەمانێکی هەرێمیی لەمایۆی ١٩٩٢ رێکخست.[6] وێڕای ژمارەیەک ئیدیعای جیدیی سەبارەت بە سەرپێچییەکان، هەڵبژاردنەکان لەلایەن چاودێرانی بیانییەوە پاک و دادپەروەرانە راگەیەندرا. پارتی و یەکێتی هەرەیەکەیان نزیک بە ٤٩ کورسیان بردەوەو بەوەش هەرەیەکەیان ٥٠ کورسیان لەپارلەماندا بەدەستهێنا. هەروەها پێنج کورسی دیکەش بۆ مەسیحییەکان زێدەکران. هیچ یەک لەحیزبەکانی دیکە، رێژەی دانراوی ٧% ی هەڵبژاردنەکەیان تێنەپەڕاند. لەسەرەتای مانگی یۆلیۆدا، پارلەمان یەکەمین دانیشتی خۆی کرد، پاشان هەر زوو پارتی و یەکێتی حکومەتێکی هەرێمییان دامەزراند، لەگەڵ دابەشکردنی

وەزیرو جێگرەکانیان بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان هەردوو حیزبەکەدا. ئەم دابەشکردنە یەکسانەی پۆست و دەسەڵاتەکان لەنێوان پارتی و یەکێتیدا، بەگاڵتەوە لەلایەن خەڵکەوە بە فیفتی- فیفتی ناوزەدکرا.

لەم هەلومەرجە سەختەدا، کارەکتەری تاڕادەیەک ئازادو لەراستیشدا بەڕێوەچوونی ئاشتییانەی هەڵبژاردنەکە، بۆخۆی دەستکەوتێک بوو. هەرچەندە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دەستبەجێ رانەگەیەندرا، بەڵکو سەرەتا لەلایەن زلحیزبترین و دەوڵەمەندترینی حیزبەکانەوە، کە پارتی و یەکێتی بوون، دانوسانی لەبارەوە کرا، لەکۆتاییدا، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکێک لەناوەندەکانی بە پاساوی بوونی ئیدیعای پێشێلکاریی، پوچەڵکردەوە. ئەوەی وایکرد کە پارتی و یەکێتی بە ژمارەی کورسی یەکسانەوە دەرچن. بەواتایەکی دیکە، ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئاکامی ئەو دانوسانە بوو کە لەنێوان مەکتەبی سیاسی حیزبەکانەوە ئەنجامدرا، نەک ئەو دەنگانەی کە لەلەهەڵبژاردنەکەدا خرابوونە سندوقەکانەوە. زێدەباری ئەوەش، سەرکردەی دوو حیزبەکە لەدەرەوەی بونیادە هەڵبژێردراوەکاندا مانەوە. ئەو هەڵبژاردنەش کە دەبوو بۆ دیارییکردنی (رابەر) ی هەرێمەکە ئەنجامبدرێت، لەخولی یەکەمیدا ئەنجامێکی روونی بەدەستەوە نەداو شکستیخوارد، ئەوەی خولێکی دیکەی بۆ ئەنجام نەدرایەوە. لەئاکامی ئەوەشدا، ئەوە سەرکردەی حیزب و مەکتەب سیاسییەکان بوون، نەک پارلەمانی هەڵبژێردراو کە حکومەتە مەدەنییەکەیان هەڵدەسوڕاند و دەسەڵاتی راستیینەیان لەدەستدابوو. بەوەش بەزەحمەت پاش ساڵێک لە سوێندخواردنی یەکەمین سەرۆک وەزیران، فوئاد مەعسوم لەلایەن کۆسرەت رەسولەوە، کە سەرکردەیەکی سەربازی پێشووی یەکێتی و پێگەیەکی دەسەڵاتی شەخسیی بەهێزتری هەبوو، شوێنی گیرایەوە.[7] لەمایۆی ١٩٩٤دا، شەڕێکی گەورە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەڵگیرسا، هەروەها لەناوچەی هەڵەبجەش، شەڕ لەنێوان چەکدارانی یەکێتی و ئیسلامییەکانی ئەوێدا روویدا. وێڕای هەوڵەکانی ئاشتی لەلایەن لایەنە

لۆکاڵیی و نێودەوڵەتییە جۆربەجۆرەکانەوە (پارلەمانە هەرێمییەکەش کەمی نەکرد )، هێشتا پێکدادانەکان بەردەوامبوون، وردە وردەش ئەو پێکدادانانە روویان لەشارە گەورەکان کرد، بەتایبەتی لەهەولێری پایتەختی هەرێمەکە و قوربانی مەدەنییش لەهەڵکشاندابوون. لەسەرەتادا وا دەردەکەوت کە هێزی سەربازیی یەکێتی باڵادەستترە، هێزەکانی یەکێتی لەهاوینی ١٩٩٥دا، پارتیان لەشاری هەولێر دەرکردو دەستیان بەتێکدان و رووخاندنی بنکە لۆکالییەکانی ئەو پارتە کرد. هەرچەندە، لەئابی ١٩٩٦دا، هێزەکانی پارتی پایتەختیان گرتەوەو لەو رووەشەوە لەلایەن سوپای عێراقەوە هاوکاریی کران، ئەوەی دەرفەتەکەی قۆزتەوە بۆ پاکتاوکردنی ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەی عێراقیی کە لەو شارەدا بوون. بەوەش کۆنگرەی نیشتمانی عێراقییەکەی ئەحمەد چەلەبی تێکوپێکدا کە گەمەکارێکی سەرەکی بوو. شەڕ لەنێوان پارتی و یەکێتی هەتا سالی ١٩٩٨دا، بەشێوەی پچڕپچڕ بەردەوامبوو، ئەو کاتەی بەهۆی ناوەندگیریی ئەمریکییەکانەوە رێکەوتنی ئاشتی لەنێوان هەردوولادا مۆرکرا، تیایدا هەردوولا لەسەر یەکخستنەوەی ئیدارەو ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەماوەی ساڵێکدا رێکەوتن. هەرچەندە، لەم کاتەشەوە بەدواوە، هەردوو حیزبەکە "گفتوگۆی ئاشتییانەی هەفتانەیان" ئەنجامدەدا، بەڵام هیچ لایەکیان بەڵێنەکانیان بەدینەدەهێناو ئەوەی لەئەستۆیان بوو نەیاندەکرد. لەبری ئەوە، هەدوولا لە بەهێزکردن و چەسپاندنی پێگەی خۆیان بەردەوامبوون و لەناوچەکانی خۆیاندا دەسەڵاتی تاکڕەوی دیفاکتۆی خۆیان چەسپاند. ئەوان هەتا ماوەیەکی درێژ لەپاش جەنگەکەی ساڵی ٢٠٠٣، هەڵبژاردنیان ئەنجام نەدا.

دابڕان لەرژێمەکەی بەعسی عێراق سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام گشتگیرو کۆتاییش نەبوو. هەریەکە لەپارتی و یەکیتی، وێڕای وتاری ئاشکرای دژەبەعسییان، بەڵام لەم ماوەیەدا پەیوەندی رێکخراویان لەگەڵ بەغدادا هەبوو، ئەگەرچی ئەو پەیوەندییانە شاراوەش بوون، بەو هیوایەی کە دواجار لەگەڵ رژێمەکەی بەعسدا بگەنە جۆرێک لەئاشتەوایی. ئەوە تەنیا لەدەوروبەری ساڵی ٢٠٠٢دا بوو، کاتێک

ئیدارەی (جۆرج دەبلیو بوش) دەریخست کە سوورە لەسەر لابردنی سەدام حسێن لەدەسەڵات، ئەوکات هەردوو حیزبەکە بەراشکاوی چۆننە پال ئۆپۆزسیۆن و پلانەکانی ئەمریکا بۆ گۆڕینی رژێم. بەکورتی، کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٩١ەوە، دەرکەوتن و چەسپاندنی دەستەبژێریکی نوێی بەخۆوە بینی کە لەلایەن حیزبەوە پشتگیریی دەکران، وێڕای دەرکەوتنی سیستمێکی نوێی مەحسوبییەت، ئەم سیستمانە لەکاتی جەنگی ٢٠٠٣دا، بەباشی چەسپابوون، بەشێوەیەک هەتاوەکو ساڵی ٢٠١٠، رووبەڕووی هیچ ئاڵەنگارییەکی پارلەمانیی نەبووەوە. بەهەندێک زێدەڕۆیی لە ئاسانکارییدا، مرۆ دەتوانێت ئەم هەوڵە بۆ دەسەڵاتێکی تاکە حیزبیی و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا لەرێگەی سیمایەکی مەحسوبییەت بەشێوە لینینستەکەی، بەسیمایەکی نەریتیی لەسیماکانی کوردیی عێراقیی لەقەڵەمبدات.

ئاراستەی کوردستانی عێراق لەرووی ئابورییەوە لەپاش ساڵی ١٩٩١، هەروەک لایەنە سیاسییەکەی جیاوازو سەرنجڕاکێش بوو.[8] هەرێمەکە هەروەک باقی تری ناوچەکانی عێراق،لەژێرسزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیناڵاند کە بەسەر عێراقیدا سەپاندبوو لەپاش ئەوەی عێراق لەئابی ١٩٩٠دا کوەیتی داگیرکرد. وێڕای ئەوەش، هەرێمەکە گیرۆدەی ئابلۆقەیەکی نێوخۆیی بوو کە بەغدا بەسەریدا سەپاندبوو، پاش ئەوەی کارمەندو دەزگاکانی خۆی لەوێ کشاندبووەوە. بەتایبەت، بڕینی موچەی فەرمانبەرانی مەدەنیی و رێگرتن لەهاتنی بەنزین و مادە خۆراکییەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، نەهامەتیی و بارگرانییەکی سەختی بۆ دانیشتووانە لۆکاڵییەکە پێکهێنابوو، ئەوانەی کە تارادەیەکی زۆر پشتیان بەو داهات و پێویستییانەی خۆراک و سوتەمەنیی دەبەست کە لەلایەن دەوڵەتەوە دابیندەکرا. هەرێمەکە، شێوەیەک لەسەربەخۆیی دراویی خۆی لەباقی تری ناوچەکانی دیکەی عێراق پاراستبوو، لەرێگەی هەڵگرتن و بەکارهێنانی دراوی چاپە سویسرییە کۆنەکە، ئەوەی لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدادبوو، بەدراوی چاپی نوێ شوێنی گیرابووەوە کە لەنێوخۆدا بەشێوەی لۆکاڵی چاپکرابوو. هەرچەندە، ئەم

دراوه نوێیه دەتوانرا لەو ناوچەیەدا بەکاربهێنرێ کە لەژێردەستی کورددا بوو (هەروەها لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بەکاردەهێنرا بۆ پێدانی هەر موچەیەک کە بیدایە بە موچەخۆرانی حکومیی لەباکوور / زیاتر خانەنیشان بوون /وەرگێڕ). بەهای ئەم دراوە بەڕێژەی ١٠%ی پارەی چاپە سویسرییەکە دانرابوو. لەئاکامی ئەمەشدا، کوردستانی عێراق تووشی هەمان ئەو هەڵئاوسانە نەبووەوە کە باقی تری ناوچەکانی عێراق لە ساڵانی ١٩٩٠کاندا بەخۆیانەوە بینی.

یەکێک لەو بابەتانەی کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەعێراق و لەپاش جەنگی کەنداودا لێی نەکۆڵڕاوەتەوە، بریتییە لەو چاکسازییە ریشەییەی لەکۆتایی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠کانەوە کرا. لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران-عێراق، رژێمی سەدام حسێن هەڵمەتێکی ریشەیی بەتایبەتییکردنی گرتەبەر کە نەگەیشتە ئاستێکی بەرز لە چارەسەرکردنی شۆکە ئابوورییەکە. ئەمەو کاریگەریی ئەم ریفۆرمەی بازاڕ بەشێوەیەکی گەورە لەپشتی ئەوانەی سزاکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بەشێوەیەکی شاراوە مابووەوە. هەرچەندە، چاکسازییەکان نەبوونە هۆی هێنانەئارای ئابووری بازاڕی ئازاد، هێندەی ئەوەی جۆرێک بوو لە سەرمایەداریی کرۆنی (crony) •قۆرخکارو مەحسوبییەت کە بەپلەی یەکەم سوودی بەوانە گەیاند کە لەچینی دەسەڵاتدارەوە نزیکبوون. هەروەها ئابوورییان کردە کردەیەکی تاوانکاریی کە بەشێوەیەکی زێدە خۆی لە بەتاڵانبردن و دزینی کاڵای گشتی لەپێناو دەستکەوت و قازانجی تایبەتدا دەبینێتەوە، چالاکییەکی ئابووری ئەو تۆ کە بە (فەزاحەت یان وەحشییەت)

• کرۆنیزمcronyism بەو ئابوورییە سەرمایەدارییە دەوترێت کە تیایدا وەرگرتنی تەندەرەکان و کاری وەبەرهێنان لەرێگەی رکابەرییەکی ئازادەوە و بۆ هەموو لایەک نییە، بەڵکو زادەی پەیوەندیی و وابەستەیی تاقمێک دەڵاڵ و بیزنزمان و بازرگانە لەگەڵ دەستەبژێری دەسەڵاتداری سیاسی لەو وڵاتەدا کە نفوزو پێگەی خۆیان بەکاردەهێن لەپیناوی بەرژەوەندیی مادیی و لەگەڵ ئەو وەبەرهێنە پاشکۆیانە کلک گرێدەدەن.

پێناسەکراوە.[9] پەرەسەندنی هاوشێوە لەکوردستانی عێراقدا روویدا لەپاش ساڵی ١٩٩١. قاچاخچێتیی کە بەردەوام بەشێکبوو لە سیمای ئابووری سنووەرکان، لەپاش سەپاندنی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر عێراقداو هەروەها ئەو ئابلۆقە ئابوورییەی کە رژێمی بەغدا لەنێوخۆ سەپاندبووی، بایەخێکی نوێی بۆخۆی پەیداکرد. بازرگانی نەوت لەسنوورەکان و هەروەها لەناوچەکانی جیاکەرەوە لەگەڵ رژێم لەسالانی ١٩٩٠کاندا، لەپەرەسەندندا بوو، بەشێوەیەکی سەرەکی لەنێوان حکومەتی عێراق و تورکیادا، ئەوەی بەو ناوچانەدا تێدەپەڕی کە لەبندەستی کورددا بوو. بەمانایەکی دیکە، ئەمە شێوازێکی بازرگانی تایبەت بوو کە لەلایەنی کوردییەوە نێچیرەڤان بارزانی برازای مەسعود و لەلای عێراقیشەوە عودەی کوڕە گەورەی سەدام و خاوەن و بەرپرسیاری بوون. لەوەش زیاتر، ئەم قاچاخچێتییەی نەوت پێشێلی سیستمی سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها یاسا لۆکاڵییەکانیش سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی دەکرد، هەروەها بازرگانیی سەرسنوورەکان، قاچاخچێتیی بە مادە خۆراکییەکان و کەلوپەلەکانی دیکەی وەک جگەرەو مەشروباتی کهولی. وێڕای ئەوەش، لەسایەی ئەو دۆخە ئابووری و سیاسییە نالەبارەدا، بازرگانییکردن بەمرۆڤەوە بوو بە وەبەرهێنانێکی زێدە قازانجبەخش، ئەو کەس و خێزانانەی کە خواستی جێهێشتنی وڵاتیان هەبوو، دەبوو بڕێکی زۆر پارە بدەن بۆئەوەی پاسپۆرتێک و ڤیزەیەکی ساختەی دەرچوونیان دەستکەوێت.

پەرەسەندنی ئابووری بازرگانی تاوانکاریی و بەتایبەتییکراو، لەگەڵ ئاوابوونی سێکتەری کشتوکاڵی لەناوچەکەدا، لەپێکدژییەکی توندا ئیستیکی کردبوو. ساڵانی ١٩٩٠کان، کشتوکاڵ پاشەکشەیەکی زێدەتری بەخۆ بینی تاڕادەی دیارنەمانی کشتوکاڵ وەک سێکتەرێکی دیاری ئابووری هەرێمیی. بەگشتی لەعێراق، کشتوکاڵ بەدەست گۆڕانی توندو کاریگەرییە پێکدژەکانی سیاسەتەکانی بەعسەوە گیرۆدەبوو، خۆماڵیکردن و رێکخستنی کشتوکاڵ لە کۆمەڵە هەرەوەزییەکاندا بەشێوە سۆڤێتییەکەی لەساڵانی ١٩٧٠کاندا،

هەڵمەتێکی خێرای بەتایبەتییکردنی بەدواداهات کە لە ساڵی ١٩٨٣ەوە دەستپێکردبوو. لەناوچە کوردییەکاندا، ئەم سیاسەتانە لەگەڵ ئۆپەراسیۆنە توندوتیژو وێرانکەرەکان دژ بە یاخیبوونە چەکدارییەکە، بەناویەکداچوبوون. رژێمەکە کە ژمارەیەکی زۆری لە گوندەکان چۆڵکرد و ناوچەیەکی بەرفراوان زەوی کشتوکاڵیی بەناوچەی قەدەغەکراو راگەیاند. وەک بەشێک لەم پرۆسەیە، سەدان هەزار لەخەڵکی گوندکان لەزێدی خۆیان هەڵکەندران و لە موجەمەعاتەکاندا نیشتەجێکرانەوە، ئەوانەی کە بەتەواویی پشتیان بەپێدان و یارمەتی و چاویان لەدەستی حکومەت بوو.





ئەم پشتپێبەستنە، چ بەدامەزراندنی خۆبەڕێوەبەرییە کوردییەکەو چ بە سەپاندنی گەمارۆی نێوخۆیی لەلایەن بەغداوە بەسەر هەرێمەکەدا، کۆتایی نەهات. پاش قۆناغێکی بەرایی کورتخانەیەن لەهاوکاریی فریاگوزاریی، هەوڵەکانی هاوکارییە مرۆڤایەتییەکان بەپلەی یەکەم لەپێناوی بنیاتنانەوەی گوندەکاندا بوو. هەرچەندە، ئەو هەوڵانە رووبەڕووی کۆمەڵێک هۆکاری بونیادیی بوونەوە. بەهۆی نەبوونی ئاسایشی سیاسییەوە، زۆربەی لادێیەکان مانەوەی خۆیان لەخانووەکانیان لە موجەمەعاتەکان بەلاوە باشتربوو. لەوەش زیاتر، بەهۆی هەڵکشانی خێرای نرخی بەنزینەوە، وەک دەرئەنجامی گەمارۆ ناوخۆییەکە، گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بۆ بازارەکانی شارەکانی هەرێم خەرجییەکی زۆری تێدەچوو. لەراستییدا، هاوردەکردنی مادە خۆراکییەکان لە وڵاتانی دەرەوەی وەک ئێران و سوریا و تورکیا، کەمتری تێدەچوو تائەوەی بەشێوەیەکی خۆماڵیی بەرهەمبهێنرێت.

پەرەسەندنەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە هۆی زیاتر کەمبوونەوەی هەوڵەکانی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ سەرپێخستنەوەی کشتوکاڵی خۆماڵی. لەساڵی ١٩٩٧دا و پاش دانوسانێکی درێژخایەنی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق ، رێکەوتننامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکیان مۆرکرد. بۆ وەبیرهێنانەوە، ئەم رێکەوتنە بەخاڵێکی وەرچەرخان دادەنرێت لەپەرەسەندنی سیاسی و ئابووری کوردستانی عێراقدا، ئەوەی هاوکاریی کۆتاییهاتنی ململانێی چەکداریی نێوان پارتی و یەکێتی کرد، پاش ئەوەی هەردوولایان درکیان بەوەکرد کە ئەوان لەبەشدارییکردن لەدابەشکردنی مادە خۆراکییەکاندا زیاتر قازانج دەکەن. گومانی تێدا نییە، کە فشاری ئەمریکا هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی گفتوگۆکانی ئاشتی ساڵی ١٩٩٨ بوو، وێڕای ئەوەش، هەروەها ئەگەری بەدەستهێنانی قازانج لەبەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک، هاندەرێکی بەهێز بوو. لەوەش گرنگتر، ١٣%ی بودجەی تەرخانکراوی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک، بۆ ناوچە کوردییەکەی ژێر حوکمی کوردان

تەرخانکرابوو. تەنانەت ئەگەرچی زۆرینەی ئەم بڕە پارەیە بەشێوەیەکی راستیینە خەرج نەکرا، بەڵام دابینکردنەکە بووە پێشینەیەک بۆ دوای ساڵی ٢٠٠٣.[10] لەلایەنی نەرێنییەوە، بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک بوو بە لەمپەرێکی راستەقینە لەبەردەم ئەو پرۆسە دیموکراسییەی ناوچەکە لەپاش دەرکردنی هێزەکانی سەدامەوە بەخۆیەوە بینیووە. رێکەوتنی ئاشتی لەنێوان مەکتەبی سیاسی دوو حیزبەکە لەساڵی ١٩٩٨دا، لەسەر حیسابی دەزگا سیاسییە هەڵبژێردراوەکان روویدا. لەوەش خراپتر، لەساڵی ١٩٩٢ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥، هیچ هەڵبژاردنێک نەکرا. وێڕای ئەوەی ناوچە کوردییەکە بەشێوەیەکی رێژەیی جێگیرو ئاشتییانە مایەوەو بەشێوەیەکی زێدەش لەپاش ساڵی ١٩٩٧ەوە، گەشەیکرد. لەرووی ئابووریشەوە، جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک، گورزێکی توندی لەهەوڵەکانی سەرپێخستنەوەی سێکتەری کشتوکاڵی هەرێمەکە وەشاند کە بۆخۆی لەمپەری گەورەی لەبەردەمدا بوو، هەروەک ئەوەی کە هاوردەکردنی کاڵاو مادە خۆراکییەکان ئەنجامیدا. لەوەش زیاتر، هێنان و دابەشکردنی مادە خۆراکییە هاوردەکراوەکان لەرێگەی ئەو ناوچانەوە بوو کە لەبندەستی حکومەتی عێراقییدا بوون، لەبری کڕینی دانەوێڵەو بەروبومی خۆماڵیی ناوچەکە.

کوردستان لەپاش ساڵی ١٩٩١ەوە، رێبازێکی ئایدیۆلۆژیی جیاوازی گرتەبەر، هەرێمەکەی بندەستی کوردان زیاتر لەباقی دیکەی ناوچەکانی عێراق لەژێر سزاو گەمارۆکانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەیناڵاند. هەرچەندە، کە خەڵکە خۆماڵییەکە هەروەها رووبەڕووی گەمارۆی ناوخۆییش ببووەوە، زیاتر لۆمەی سەدام حسینیان دەکرد وەک لەوەی لەپای نەهامەتییەکانیان لۆمەی ئەمریکا ز یوئێن، یاخود کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بکەن. لەوەش زیاتر، کوردانی عێراق نەریتیکی بەهێزی دژایەتی ئەمریکاو زایۆنیزمیان نییە. ئەوان بەشیوەیەکی رێژەیی پشتگیرییەکی کەمتریان بۆ کێشەی فەلەستین پێشانداوە. پەرەسەندنی فرە بایەخداری ئایدیۆلۆژیی لەناوچەکەدا، بێگومان دەرکەوتن و پاشەکشەی ئیسلامی سیاسی بوو، خەڵکە

خۆجێیەکە وای لێکدەدەنەوە کە بێبایەخی رێژەیی کوردان بە سەلەفیزم زادەی ئەو پەیوەستەگییە دێرینەیە بەرێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندییەوە.

وێڕای شرۆڤەیەکی بەم چەشنە تۆزە راستییەک لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئەمە بۆخۆی سادەبینییەکی رووتە. لەراستییدا، کوردستانی عێراق لەساڵانی ١٩٩٠کاندا، هەڵکشانێکی سەرنجڕاکێشی ئیسلامی سیاسی چەکداریی بەخۆوە بینی کە ئیلهامی لە سەلەفییەتەوە وەردەگرت.[11] سەرەتا بەهێزترین تاقمی ئیسلامی بریتیبوو لە بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق بەرێبەری شێخ عوسمان عەبدولعەزیز. هەرچەندە بزوتنەوە لەساڵی ١٩٧٩دا دامەزرا، و پێگەکەی لەهەڵەبجەی زێدی شێخ عوسمان خۆی بوو، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو لەکادری خاوەن ئەزموون لەجیهادی ساڵانی ١٩٨٠کانی ئەفغانستانی هەبوو. بزوتنەوە لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە نزیکبوو لەو تاقمە سەلەفییە جیهادییانەی کە لەماوەی ساڵانی ١٩٨٠کاندا سەریانهەڵدا، لەرووی رێکخستنەوە سەروکاری لەگەڵ تاقمی ئیخوانولموسلمیندا هەبوو. ئەوەی دەوترا کە عوسمان لەکاتی خوێندنی خۆی لەزانکۆی ئەزهەر لەقاهیرە پێیانەوە پەیوەستبوو. لەساڵانی دواتردا، ئەو توانی پەیوەندی لەگەڵ بورهانەدین رەبانیدا بکات لە ئەفغانستان و هەروەها لەگەڵ جەماعەتی ئیسلامی لە پاکستان.[12] لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢دا، بزوتنەوەی ئیسلامی ٥%ی دەنگەکانی هێنا، ئەوەش بەرزترین رێژەی ئەو دەنگانە بوو کە حیزبێکی بچووک هێنابێتی. بزوتنەوەی ئیسلامی لەزۆربەی ئەو ماوەیەی لە دەیەی ١٩٩٠کاندا مابوو، لەململانێیەکی هەمیشەییدا بوو لەگەل یەکێتیدا، بەتایبەتی لەناوچەی هەڵەبجە. لەپاش مردنی رابەرەکەیان لەساڵی ١٩٩٩دا، بزوتنەوە بووە چەند تاقمێکەوە، لەهەموویان گرنگتر جەماعەتەکەی عەلی باپیرو تاقمە جیابۆوەکەی مەلاکرێکاربوو کە دواتر لەگەڵ ئەبوعەبدوڵڵای شافعیدا یەکیانگرت و لەپێش جەنگەکەی ساڵی ٢٠٠٣دا، جەماعەتی ئەنسارولئیسلامیان دامەزراند. پرۆپاگەندەچییەکانی یەکێتی و جەنگخوازەکانی ئەمریکا گروپی ئەنساریان بەوە تۆمەتباردەکرد کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ

هەرەیەک لەرێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن و رژێمی سەدام حسێنەوە هەیەو لەراستییدا ئەڵقەی شاراوەی نێوان ئەو دووانە پێکدەهێنن. لەنێوان ساڵانی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٣دا، ئەنسارولئیسلام لەشەڕێکی درێژو خوێناوییدا، لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی تێوەگلا، پاشانیش لەجەنگەکەی ٢٠٠٣دا، یەکێتی، سوپای ئەمریکای بەوە رازیکرد، کە پەلاماری ئەم گروپانە بدەن و سەرکردەکانیان دەستگیربکەن بەو هۆکارەی گوایە پەیوەندییان بە رێکخراوی قاعیدەوەیە. بەکورتی، بۆ کوردستانی عێراق، بەپێچەوانەی باقی دیکەی ناوچەکانی عێراقەوە، جەنگەکەی ساڵی ٢٠٠٣، کۆتایهاتنی کاریگەری ئیسلامی چەکداری توندرەو بوو وەک فاکتەرێکی سەرەکی سیاسی.





عەلی باپیر



مەلا کرێکار





هەرچەندە، یاریزانێکی گرنگی ئیسلامی دیکە لەهەرێمەکەدا لەکۆتایی ساڵانی ١٩٩٠کاندا هەبوو، ئەویش یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بوو کە لەلایەن سەلاحەدین بەهادینەوە سەرکردەیی دەکرا، ئەوەی خەباتی مەدەنیی لەبری خەباتی چەکدرایی گرتەبەر و وەک سێیەمین گەورەترین هێز لە سەر شانۆی سیاسەتی مەدەنیی سەریهەلدا. هەرچەندە، یەکگرتووە لەنێو لقی ئیخوان موسلمینی عێراقییدا ریشەی گرتبوو، بەڵام هەر لەکاتی دامەزراندنیەوە لەساڵی ١٩٩٤دا، تارادەیەکی زۆر رێبازی خۆی گرتەبەرو بەشێوەیەکی بنەرەتی کاردانەوەی لەگەڵ رەوشە لۆکاڵییەکەو پەرەسەندنەکانییدا هەبوو. یەکگرتوو لەکۆتایی ١٩٩٠کاندا، بەشێوەیەکی تایبەت بووە کاریگەرترین هێزی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکیی خاوەن نفوزو پێگە. وێڕای ئەوەش، بەهاتنی ساڵی ٢٠٠٣، پێدەچوو گەشەی ئەم هێزە بەرەو داکشان چووبێت، ئەوەش وەک دیارە بۆ ئەو تێروانینە باوە دەگەڕێتەوە کە یەکگرتوو لەئاست جێبەجیکردنی ئەو بەڵێنانەیدا نەبوو کە لەکاتی هەڵبژاردنەکەدا دابوونی.

بەکورتی، کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٩١ەوە بەدواوە، چەند پەرەسەندنێکی سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژیی بەخۆوە بنیوە، لەساڵی ٢٠٠٣دا، ئەم پەرەسەندنانە کەم وزۆر جێگیرییان بەخۆوە بنینی. ئەم ئاراستەیە لەو دەیەیەدا کە پاش جەنگەکەی ٢٠٠٣ هات، بەبێ پچڕان و ئاڵەنگاری گەورە، بەردەوامبوو. ئەوە تەنیا لەکۆتایی دەیەکەدا بوو کە ئاڵەنگاری نوێ و زێدە جیدیی بۆ رەوشەکە دەستی بە دەرکەوتن کرد.



## سیاسەت لە کوردستانی عێراقدا لەساڵی ٢٠٠٣وە

## ئاڵەنگاری لینینیزم

کوردستانی عێراق لەجەنگەکەی ساڵی ٢٠٠٣وە، بەگشتی، چەسپاندنی یان خێرابوونی ئەو رەوشەی بەخۆوە دەبینی کە پێشتر تیایدا باڵادەستبوو، زیاتر لەوەی کە هەر پەرتبوونێکی سەرنجڕاکیشی تێادا بێتەئارا. لەرووی سیاسییەوە، هەدوو حیزبەکە لەساڵی ٢٠٠٣دا، بەباشی پێگەیان چەسپاوتربوو، دواتریش زیاتر هەوڵی جێگیرکردنی حوکمی خۆیاندا . هەڵکشانی لەناکاوی داهاتی نەوت لەبەغداوە، بەشێوەیەکی بەرچاو توانای ئەو دوو حیزبەی بۆ ئەنجامدانی ئە م کارە زێدەکرد. ئەوە تەنیا لەکۆتایی دەیەکەدا بوو کە پێکهاتەی نوێ دەستیانکرد بەوەی کە بەجیدیی ئاڵەنگاری هەژمونی دوو پارتەکە بکەن. هەرچەندە ئاڵەنگارییەکی وا زیاتر لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بوو وەک لەوەی کاری ئاشتییانەی دەرەوەی پارلەمان بێت، یاخیبوون و توندوتیژیش هەر لەگۆڕێدا نەبوو. لەم خاڵەوە، هەرێمە کوردییەکە بەشێوەیەکی بەرچاو، لەباقی دیکەی عێراق جیاواز بوو، لەوەش گرنگتر ئەوەبوو، وێرانکاریی ژێرخان و ئەو ململانێیە تائیفییەی بەسەر عێراقدا هات لەپاش جەنگەکەی ٢٠٠٣، عێراقی کردە تاقیگەیەکی توندوتیژ بۆ گۆڕینی رژێم و ریفۆرمی نیولیبراڵی، ئەوەی هەرێمە کوردییەکەی نەگرتەوە. لەراستییدا، مرۆ لەوانەیە مشتومڕی ئەوە بکات کە هەرێمە کوردییەکەش هاوشێوەی ئەم ئاڵۆزییانەی گرتۆتەخۆ و بەخۆیەوە بینووە، لەوانەش وەک پێشتر ئاماژەی بۆدراوە، ململانێیەکی توندوتیژ لەپێناو دەسەڵات و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەستەبژێرە لۆکاڵییەکان و هەڵکشانی ئیسلامی توندڕەو هەروەها ئەو پێشوییە ئابوورییەی کە بەهۆکاری هێزە دەرەکییەکانەوە لەودەساڵەی کە پێش جەنگەکەی ٢٠٠٣ روویاندا. لەئێستادا هەرێمەکە وێڕای پاساوەکانی، شانازیی بەجێگیریی و فرەیی و پلورالیزم و پاراستن و دانپێدانان بە کەمینەکانەوە دەکات.[13]

دەشێت کوردان لەسیاسەتی نیشتیمانییدا باس لەژمارەیەکی بەرچاو سەرکەوتن بکەن، ئەوان تەنیا بەشداریی و دانوسانیان سەبارەت بە دەستورێکی نویٛ نەکرد کە ستاتۆی هەرێمەکەی چەسپاند، بەڵکو هەروەها لەرێگەی مانۆڕکردن لەنیوان بلۆکی عەرەبی سوننە و شیعەدا وەک دەسەڵاتسازی راستیینە لەپارلەمانی عێراقییدا دەرکەوتن. بەتایبەتی پاش لەخۆگرتنی عەرەب و سوننەکانیش لەپرۆسەی سیاسی عێراقییدا، هیچ حیزبێکی فەرمانڕەوا نەیتوانی بیٛ پشتیوانی کورد کاربکات. لەبەرامبەردا، کوردان ستاتیۆیەکی دانپێداروی فیدراڵیان بۆ هەرێمەکەی خۆیان مسۆگەرکرد، وێڕای هەڵبژاردنی تاڵەبانی رابەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەسەرۆکی عێراق لەئەبریلی ٢٠٠٥دا.

لەکوردستانی عێراقدا، بەپێچەوانەی هەر شوێنێکی دیکە لەعێراق، سیاسەتی هەڵبژاردنی مەدەنیی، وێڕای هەموو کەموکورتییەکانی، شوێنی ململانێی چەکداریی گرتەوە. لەرووی لۆکالییەوە، هەڵبژاردنە نیشتیمانییەکەی ساڵی ٢٠٠٥ کە لەلایەن سوننەوە بایکۆتکرا، لەدۆخیکی پڕ نەشەو خۆشیی ئەنجامدرا. دانیشتووانی کورد ئەو هەڵبژاردنەیان وەک دانپیدانانیکی نیشتیمانیی و تەنانەت نێودەوڵەتییش بەدەستکەوتە سیاسییەکانیان لەدەیەی پێشوودا، لەقەڵەمدا. حیزبە سەرەکییە کوردییەکان بەلیستیکی هاوبەش چوونە هەڵبژاردنێکی نیشتیمانی و هەرێمیەوە لەساڵی ٢٠٠٥دا. بەهەمان شێوە، پارتی و یەکێتی هاوپیەمانێتییەکیان بۆ هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی ساڵی ٢٠٠٩ بەناوی "لیستی کوردستانی"یەوە پێکهێنا. پێکەوەبوونی ئەم هێزانە لەسەر ئاستی نیشتیمانی مانایەکی تایبەتی خۆی هەبوو. دەتوانرێت بوترێت کە ئەوە پێگەو نفوزی کوردی لەبەغدا بەهێزکردو بەرژەوەندی هاوبەشی تێکڕای حیزبە کوردییەکانی قووڵکردەوە. لەهەمان کاتیشدا، ئەوە بووە هۆی بەتاڵکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی هەرێمیی و گۆڕینی پارلەمان بۆ دەزگایەکی کارتۆنی کە مۆر لەبڕیارەکانی حیزب بدات و بەڕێی بکات، زیاتر لەوەی مەیدانێک بێت بۆ مشتومڕکردن لەسەر سیاسەتەکان و شوێنی لێپرسینەوە. تەنیا لەو ماوەیەی کە پێش

هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ بوو، هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکیی نوێ بەشێوەیەکی بنەرەتیی لە ناوچەی سلێمانی دەرکەوت کە لە فۆرمی حیزبی (گۆڕان)دا، خۆی بەرجەستەکرد. ئەم حیزبە لەسەر کارتی نارەزایەتیی دژی گەندەڵیی و مەحسوبییەتی چەسپاو و نەبوونی شەفافییەت سەبارەت بە بودجەی حکومەتی هەرێم و دابەشکردنی پارە کاریکرد، وێڕای مامەڵەکردن لەگەڵ گرێبەستە قازانجبەخشەکانی کەرتی نەوت. لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە، ژمارەیەک لەرۆشنبیرانی سەربەخۆ لەنەوەی پاش ساڵانی ١٩٧٠کان، کە بەگۆڤاری رۆشنبیریی رەهەندەوە پەیوەستبوون، گۆڕانیان ئاراستەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، رێبەرایەتی سیاسی حیزبەکە لەدەستی یەکێک لە جەنگاوەرە دێرینەکانی ساڵانی ١٩٧٠کاندا بوو کە نەوشیروان مستەفا ئەمین بوو، ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ دووەمین پیاوی ینک بوو. [14] بەوەش، مرۆدەشێت بپرسێت، کە تا چ رادەیەک سەرهەڵدانی گۆڕان گۆڕانێکی سیاسی نویی راستەقینەی هێنایەئارا، وەک ئەوەی زیاتر هەر تەنیا دابەشبوونێکی تری سیستمە پارتایەتییەکە بێت کەبۆخۆی هەبوو؟

نموونەیەکی هاوشێوە لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێمەکەدا سەریهەڵدا. وەک ئەوەی چاوەڕواندەکرا، بارزانی سەرۆکی پارتی لەساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩دا وەک سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرا. بەشێکی ئەم سەرکەوتنەی لەهەڵبژاردن بەهۆی ئەو هەماهەنگییەوە بوو کە لەگەڵ یەکێتییدا بۆ دابەشکردنی دەسەڵات هەیانبوو، ئەوە کە هەروەها بووەهۆی ئەوەی کە تاڵەبانی بگەیێنێتە پۆستی سەرۆکی نیشتیمانی. هەرچەندە، لەهەرڵبژاردنە هەرێمییەکەی ساڵی ٢٠٠٩دا، کەمال میراودەلی، کاندیدی سەربەخۆی بەرهەڵستکار، بەشێوەیەکی زۆر باش و سەرنجڕاکێش هەڵسوڕاو سی لەسەدێکی ٣٠% دەنگەکانی بەدەستهێنا. ئەمەو وێڕای ئەو راستییەی کە ئەو، بەدەگمەن ، ئەگەر هەر هیچ، لەلایەن یەکێ لەدەزگا حیزبییەکانەوە پشتگیریی کراو لەدەرفەتی پشتگیریی روماڵکردنی میدیایی بێبەشبوو. پاشان، لەهاوینی ٢٠١٣دا، تەنیا کەمێک پێش هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی سێپتەمبەر، پارلەمانە هەرێمییەکە (کە هێشتا فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی

هەژمونیان بەسەریدا هەبوو) بڕیاریدا ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی بۆماوەی دوو ساڵ درێژبکاتەوە، وێڕای ئەوەی کە ئەم درێژکردنەوەیە لەدەستوری هەرێمیدا نەهاتبوو، هەروەها هیچ دۆخێکی سیاسیش نەیدەکردە پێویستییەک.

هەڵبژاردنەکانی ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣، بەروونی زێدەبوونی ناڕەزایەتیی دەنگدەرانی لەهەژمونی باڵادەستی پارتی و یەکیتی پێشاندا.[15] پارتی وەک بەهێزترین حیزب مایەوەو ٣٧،٨%ی دەنگەکانی هێنا، ئەوەش بۆ ئەو پاڵپشتییە رەهایە دەگەڕایەوە کە لەپارێزگای دهۆک هەیبوو، بەشێوەیەک ٧٠%ی دەنگەکانی ئەوێی هێنا. لەهەولێر کە پارتی لەساڵی ١٩٩٦ەوە حوکمڕان بوو، ٤٢،٢%ی دەنگەکانی هێنا. سەرچاوەکانی ئۆپۆزسیۆن پارتیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە بەشێوەیەکی رێژەیی ئەم ئەنجامە شلوشێواوەیان بەهۆی سیاسەتی چاوسورکردنەوەو تەرهیب و مەحسوبییەت و هەروەها ساختەکاریی راستەوخۆی دەنگەکانەوە بەدەستهێناوە. یەکێک لەرووداوەکان کە بایەخێکی زۆری هەیە بریتییە لو ژمارە زۆرەی (دەنگە مرووەدەکان) کە لیژنەیەکی پارلەمانی ئاشکرایکرد. لەتێکڕای ١٧٨٠٠٠ دەنگی ئەوانەی لە یالی ٢٠١ەوە مردبوون، تەنیا ٤٤٠ دانەیان لەلیستی هەڵبژاردنەکە لابرابوو. ئەم یارییکردنە بەخەڵکانێکی مردوو، یەکێک لەو فیلانەی "پاڤێل چیخۆف" مان وەبیردێنێتەوە کە لەرۆمانە گاڵتەجاڕییەکەی (گوگۆڵ) دا بەناوی "رۆحە مردووەکان" دا هاتووە. لەراستییدا، ئەم بابەتە، ئەگەری دەنگدانی دووبارەی بە ناسنامەی مردووەکانەوە هێنایەئارا.[16]

ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە ئەوەبوو کە گۆڕان کە بۆخۆی لەیەکێتی دەرپەڕیبوو، توانی یەکێتی لەسلێمانی بۆڕبدات کە ئەو شارە قەڵاو پێگەی نەریتیی یەکێتی بوو. یەکێتی بەشێوەیەکی گشتی ٢٤،٢%ی دەنگەکانی هێنا، ئەوەش بەهۆی ئەو پەرتبوونە بەکۆمەڵە بوو، جگە لە غیابی هەمیشەیی رابەرەکەی کە یەکێتی لاوازکردبوو. وێرای ئەوەی کە تاڵەبانی لە لەدیسەمبەری ٢٠١٢دا، چووبووە نەخۆشخانەو لەجیهانی دەرەوە دابڕابوو، بەلام هێشتا وەک بەرپرسێکی فەرمی

مابۆوه بێئەوەی هیچ رابەرێکی کاتی یان جێگیرەوەیەکی هەبێت.[17] هەروەها ئەوەی جێگای سەرنجە، هەڵسوڕانی لاوازی پارتە ئیسلامییەکانی ناوچەکە بوو، وەک یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵەکەی عەلی باپیر، ئەم حیزب و هاوپەیمانیتییانەی پێکەوە ١٥،٤%ی دەنگەکانیان بەدستهێنابوو، بە بەراورد بەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩، چوار لەسەدی دەنگەکانیان لەدەستدابوو.[18] ئەوەی روونە، ماشێنی حوکمڕانی پارتی و یەکێتی رووبەڕووی ئاڵەنگاری بەهێزبوونەوە، ئەوەش وایکرد ماوەی دامەزراندنی حکومەتە هاوپەیمانێتییەکە زیاتر لەهەرکاتێکی دیکە بخایەنێت. ئەوە ماوە کە ببینین ئاخۆ بوونی گۆڕان دەبێتە هۆی بڕێکی زێدەتر لە شەفافییەت یاخود تەنیا گۆڕانێکە لەو سیستمە مەحسوبییەتەی کە ئێستاکە هەیە.

بەڵام لەپشت ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کە خۆی وەک پلوراڵ و فرەرەنگ دەنوێنێت، هەروەها لەپشت هەموو ئەو قسەو باڵۆرانەی کە باس لەهەرێمی کوردستان دەکات وەک ئەوەی قەوارەیەکی یەکگرتوو بێت، دابەشکردنی ناوچەکانی هەرێمەکەیە بەشێوەی دوو پاوانی جیاوازی دەرەبەگایەتی بەردەوامە لەگەڵ هەموو رێحەزیکی قۆرخکاریی کۆنترۆڵکراو بەشێوە لینینستەکەی. بارزانی و تاڵەبانی هەتاوەکو یەنایەری ٢٠٠٦رێککەوتنی یەکخستنەوەیان بە ئامانجی یەکگرتنەوەی ئیدارەو بەدیهێنانی دابەشکردنی دەسەڵاتیان ئەنجامدا. هەریەک لەو دوو حیزبە نفوزو دەسەڵاتی خۆیان لەو ناوچانە پاراست کە بەهی خۆیان دەزانی، لەوەش زیاتر، وێڕای ئەو هەماهەنگییەی لەنێوان هەردوو حیزبەکەدا هەبوو، بۆئەوەی تاڵەبانی وەک سەرۆکێکی نیشتیمانی و بارزانیش وەک سەرۆکێکی هەرێمەکە دابنرێت، هێشتا رکابەریی لەنێوان ئەم دوو رابەرە هەر بەردەوام بوو، نەک تەنیا لەسەر ئاستی هەرێمیی، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتییش. بەگشتی، بارزانی خۆی داوەتە پاڵ تورکیا، لەکاتێکدا تاڵەبانی مەیلی بەلای لایەنگریی حکومەتەکەی مالیکیەوە بوو لەبەغدا و هەروەها لەگەڵ ئێران و سوریا. بەگوێرەی سەرچاوە لۆکاڵییەکان، کاتێک کوردان لەسوریادا زیاتر چالاکبوون لەو شۆڕشەی دژ

بەرژێمی ئەسەد لەبەهاری ٢٠٠١وە بەرەوسەر، تاڵەبانی پشتگیریی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە)ی کرد (کەلقیکی پارتی کرێکارانە پەکەکە لەسوریا). بارزانیش لەلای خۆیەوە بەردەوامبوو لە پشتگیریی ئەو رێکخراوانەی کە سەر بە پەکەکە نین و لەژێر چەتری ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان (ئەنەکەسە) یەکیان گرتبوو. هەرچەندە، لەهەمان کاتداو بەگوێرەی هەمان ئەو سەرچاوانە، تاڵەبانی چەندین جار بۆ رێگرتن لەهەڵکشانی دژوارییەکانی نێوان هەردوولا، نێوەندگیریی لەنێوان بارزانی و مالیکدا کردبوو، تائەو کاتەی لەدیسەمبەری ٢٠١٢دا، تووشی جەڵتەی دەماغ بوو، ئەوەش عێراقی بێ سەرۆک و یەکێتی بی سەرکردە هێشتەوە.[19]






الله اكبر



لەکوردستانی عێراق، وەک هەر ناوچەیەکی دیکە لەژێر کاریگەریی ڕاپەڕینەکانی عەرەبییدا بوو، نیشانەکانی زێدەبوونی ناڕەزایەتییەکان لەو نەریتە لینینستییە بەردەوامە دەرکەوتن کە تیایدا هێدی هێدی خزمایەتیی و مەحسوبییەت و مەنسوبییەت و گەندەڵیی شوێنی هۆگریی و پابەندبوونە ئایدیۆلۆژییەکانی گرتەوە. هەروەک تێبینیکراوە، هێشتا زووە بوترێت کە چوونی گۆڕان بۆ نێو حکومەت دەبێتە رووداني هەر گۆڕانێکی گرنگ. حکومەت چالاکانە نارەزایەتییەکانی دەرەوەی پارلەمانی سەرکوتکرد تەنان ئەگەر بە رشتنی خوینی خەڵکانێکی زۆریش بێت. یەک لەنیشانە بەراییەکانی توڕەیی جەماوەریی بریتیبوو لە پەلاماردانی مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجە لە مارسی ٢٠٠٦دا، بەهۆی پشتگوێخستنی هەڵەبجەوە لەلایەن ئەو حیزبانەوە بۆ قازانجی خۆیان. کۆمەڵێکی زۆر لەدانیشتووانەکە کە ٧٠٠٠کەسێک دەبوون، لەکاتی یادەکەدا خۆیان کرد بەنێو رێورەسمی مۆنۆمێنتەکەدا، پۆلیس تەقەی لە خۆپێشاندەران کردو کوڕیکی چواردەساڵانیان کوشت. شەپۆلێکی زۆر بەهێزتری ناڕەزایەتییەکان لەهەریەک لەکوردستان و لەعێراق بەگشتی لەفێبرایەری ٢٠١١دا هاتەئارا، کە ئیلهامی لەسەرکەوتنەکانی ڕاپەڕینەکانی تونیس و میسر وەردەگرت. لە فێبرایەری ٢٠١١دا، گۆڕان ژمارەیەک ناڕەزایەتیی دژی گەندەڵیی حکومەت رێکخست، بەتایبەتی لەشاری سلێمانی، کاتێک خۆپێشاندەران لە شەقامی سالم لەبەردەم بارەگای پارتییدا کۆبوونەوە لەسەر ڕێگای سەرەکیی سلێمانی، هێزەکانی پارتی لەسەر باڵەخانەی حیزبەکەیانەوە تەقەیان لەو خەڵکە کرد. ئەوەی بووەهۆی کوشتنی دووکەس و برینداربوونی ٤٧ خۆپێشاندەر. پاش دیدارێکی خێرای نێوان بارزانی و تاڵەبانی، هێزەکانی پارتی و یەکێتی پێکەوە، سەرکوتی زێدەتری نیشانەکانی نارەزایەتییەکانیان کرد. وێڕای بەڵێن و قسەکانی پێشوویان، هیچ کەس لەوانەی بەرپرسیاربوون لە کوشتن، رووبەڕووی دادگاییکردن نەبوونەوە. بەگشتی سەرکوتکردنی ئەم خۆپێشاندانانە لەلایەن حکومەتەوە، کوشتنی ١٠ کەس و برینداربوونی ٥٠٠ کەسی دیکەی لێکەوتەوە. [20]





ئاشکرایە، کە هێزە کوردییەکان کەمتر پەرۆشی ئەوەبوون کە دەستبەرداری نەریتە لینینیستەکە ببن و (بەهارە کوردییەکەیان) لەقۆناغە بەراییەکەیدا تێکشکاند. هەرچەندە، بەگشتی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی بەرچاو بەبەراورد بەسەردەمی سەدامەوە، زێدە باشتربوو. بەڵام لەپاش ساڵی ٢٠٠٣وە، زۆر کەم یان هەرهیچ بەرەوپێشوچوونی بەخۆوە نەبینی. لەفێرایەری ٢٠١٣دا، رێکخراوی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی (هیومەن رایتس وۆچ) ئەو هێرشە زێدەتوندوتیژانەی حکومەتی هەریمی ریسواکرد کە دژی مافی دەربڕین ئەنجامیدابوو. هەروەها ئەم رێکخراوە، رایگەیاند کە دەیان پەیامنیرو رۆژنامەنووس کە رەنەیان لەکەسایەتیی و بەرپرسانی حکومیی گرتووە، تووشی راونان و بێزارکردن بوونەتەوە، یاخود نزیک بەساڵێک گیراون و دەستبەسەر کراون، ئەوەش کە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، بێئەوەی تۆمەتێکیان رووبەروو کرابێتەوە. بەهەمان شێوە رێکخراوی لێبوردنی نێودەولەتی (ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ) نارەزایەتیی و بێزاریی خۆی دژی حکومەتی هەرێم دەربڕی لەوەدا کە بەردەوامە لە بەئامانجگرتنی ئەوانەی بەئاشکرا دژی فەسادی بەرپرسان قسان دەکەن.[21] لەبەرامبەر ئەم جۆرە رەخنانەدا، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بەردەوام دەیانوت کە کوردستانی عێراق دیموکراسیەتێکی ساوای هەیەو هێشتا زۆری ماوە فێری بێت و ناتوانرێ دیموکراتی لە شەورۆژێکدا بەرقەرار بکرێ. ئەم بڕوبیانووانە تا چ رادەیەک هەڵخەڵەتێنەر بوون، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی هەرێم زیاتر لە دوو دەیە بوو ئەزمونی حوکمڕانییان هەبوو. لەراستییدا، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، هەر لەساڵی ١٩٩٢ەوە، جوڵەیەکی چەسپاوی دوور، نەک بەئاراستەی،لێپرسینەوەو شەفافییەتی حکومیان هەبوو. بەگشتی، ئەوە حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بوون، نەک دەستەبژێرە دەسەڵاتدارە پێچەسپاوەکە،کە بەئاراستەی وەرچەرخانێکی دیموکراسی پاڵیاندەنا.

## پەرەسەندنەکانی ئابووری لەساڵی ۲۰۰۳ەوە
## خەبات لەپێناوی شەفافییەتدا

وێڕای جیاوازیی لەگەڵ باقی دیکەی ناوچەکانی عێراقدا لەرووی جێگیریی سیاسییەوە، گەشەکردنی ئابووری و رەوشی ئارامیی و ئاسایشی ناوچەکەش هەروەها ئاشکراو دیاربوو، تەنانەت بۆ زۆربەی چاودێرانی نافەرمییش، بەڵام ئابووری کوردستانی عێراق تاڕادەیەکی زۆر بە ناڕوونیی مایەوە، ئەم ناڕوونییەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بوو. یەکەم ئەو راپۆرتانەی کە لەلایەن ئاژانسەکانی وەک سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی (ئای ئێم ئێف) و بانکی نێودەوڵەتییەوە دراون، تەنیا بریتین لە ئامارەکانی عێراق بەگشتی بێ جیاوازییکردن لەنێوان ناوچەکانیدا. دواتر ئاماری داتاکان چ بۆ عێراق و چ بۆ هەرێمی کوردستان کەم و متمانەپێنەکراوە. بەوەش دەگمەنییەکی سەیر هەیە سەبارەت بەزانیارییە ئابوورییە قووڵەکان چ سەبارەت بە عێراق و چ بەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی. لەوەش زیاتر، زۆربەی ئەو کارانەی بەردەست جەخت لەسێکتەری نەوت دەکەنەوە لەسەر حیسابی سێکتەرەکانی دیکە (بەشێوەیەکی گرنگ کشتوکاڵ)، هەروەها لەسەر ئاژانسی دەوڵەتی لەسەر حیسابی کەرتی تایبەت، خۆ ئابووری نافەرمییش هەر وازی لی بێنە.[22] وێڕای ئەوەش هیشتا مرۆ پێدەچێت هەوڵی وێناکردنی هێڵە پانەکانی پەرەسەندنە ئابوورییەکانی پاش ساڵی ۲۰۰۳ لەعێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان بدات.

لەکۆتایی ساڵی ۲۰۰۳دا، نەتەوە یەکگرتووەکان گەمارۆکانی خۆی لەسەر عێراق هەڵگرت. بەگوێرەی ئەوە یاسای نەوت بەرامبەر بەخۆراک کۆتاییهات. هەرچەندەن دیفاکتۆی ئەم بەرنامەیە تاکو ساڵی ۲۰۱۰ بەردەوامبوو. هەروەک باش دەزانرێت کە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانیی کە حوکمی عێراقی دەکرد لەمایۆی ۲۰۰۳ بۆ ژونی ۲۰۰٤، (چارەسەری بە شۆک) پێشکەشکرد کە ئامانجی چارەسەری خێرابوو لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی پیشەسازییە دەوڵەتییەکان،

هەروەها تەنانەت بەشێوەیەکی زیاتر ئاڵۆزکاوتر و بەکرداریی، تەواوی دەزگاو ئامرازە ئەمنییەکانی هەڵوەشاندەوە.[23] هەرچەندە، لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم بەتایبەتییکردنە کە بەشێوەیەکی هەندەکیی جێبەجێکرا، هێشتا مەسەلەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و پێدانی گرێبەستەکان وەک جیاوگی دەوڵەت مایەوە، وێڕای هەوڵە زۆر و زەوەندەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەتایبەتییکردنی ئەم سێکتەرە.[24] زیاتر لەوەش، دەوڵەت تاڕادەیەکی زۆر وەک گەورەترین دەزگای بەکاربەری فەرمانبەران مایەوە. بەسام یوسف وای خەمڵاندووە کە ٦٠% کرێکاران بەدەوامی تەواو لەعێراقدا لەکەرتی گشتییدا کاردەکەن. لەکوردستانی عێراق، هێشتا ئەو رێژەیە بەرزتریشە.[25] راپۆرتێکی ئاژانسی پەرەسەندنی ئەمریکی / USAID ژمارەی فەرمانبەران بەنزیکەی ١،٥ یەک ملیۆن و نیو خەمڵێنراوە، کە ٧٦%ی هێزی کارە. [26] یوسف، مشتومڕ لەو بارەیەوە دەکات کە توندوتیژیی تائیفی و مەزهەبی کوشندە، کە عێراقی ساڵانی پاش جەنگەکەی ٢٠٠٣ی گرتۆتەوە، نە ئەنجامێکی سروشتی بەردەوامی نێوان شیعەو سوننەیە و نە ئاکامی نەبوونی پلاندانان بووە لەلایەن ئەمریکاوە، زیاتر لەوەی کە وەک ئەو دەیبینێت، ئەنجامێکی راستەوخۆی "قوول و گشتگیرو مەبەستداری ستراتیژییەتێکی ئابووری" بووە. بەتایبەت، چارەسەری بە شۆک کە زادەی پاڵنەری ئایدیۆلۆژیی (ئیل پۆل بریمەر) بوو، ئەوەی کە بێ لەبەرچاوگرتنی دۆخە لۆکالییەکە گیرایەبەر.[27] ئارگومێنت و بەڵگەی یوسف پەیوەستە بەعێراقەوە بەگشتی. هەرچەندە، ئەوە روون نییە کە تاکو چەند ئەم سیاسەتە نیشتیمانییانە کاریگەریی و ئاسەواریان بەسەر کوردستانی عێراقەوە هەبووە، ئەوەی کە لەدەیەی پێشووتردا بەکردار مەسەلەکانی بەتایبەتییبوون، تەسریحبوون و دەرچوون لەسوپاو ریشەکێشکردنی بەعسی بەخۆیەوە بینی. لە پاش ساڵی ٢٠٠٣، هەرێمی کوردستان جگە لەبڕێکی کەمی یان هەر هیچی ئەو توندوتیژییانەی بەخۆوە بینی کە ناوچەکانی دیکەی لەباشوور گیرۆدە کردبوو.

ئەوە ئاشكرايە كە كوردستانى عێراق بەشێوەيەكى بەرچاو لەباقى ديكەى وڵاتەكە زۆر گەشەسەندوتربوو. وێڕاى ئەوەش، زۆر سەختە، خۆئەگەر مەحاڵيش نەبێت، كە ئەم تێروانينە لەرووى چەندايەتييەوە وەربگێرێت. ژمارەيەكى زۆر كەم داتاى چەسپاو و بەڵگەدارى ئابوورى سەبارەت بە هەرێمە كورديیەكە هەيە، ئەوە ئەگەر هەر لەبنەڕەتدا هەر بڕواو متمانەپێكراويش بن!! ئەم واقيعە، باس لەبڕيكى زۆر لە كارەكتەرى ئابوورى لۆكاڵى و ئاستى شەفافييەتى حكوميى دەكات. هەرچەندە، لەزۆر لەبوارەكاندا،ناوچەكە پێدەچێت لە هەر كاتيكى ديكە زياتر بە ئابوورى نيشتيمانييەوە گرێدرابێت. بەوەش بەپێچەوانەى ساڵانى ١٩٩٠كانەوەن كوردان ئێستا لەگەڵ باقى ديكەى وڵاتەكەدا لەيەكبوونێكى تەواوى تايبەت بە دراودا بەهرەمەندن، هەروەها جۆرێك لەيەكخستنى بودجە لەئارادا بوو، بەوەى كە هەرێمى كوردستان مافى وەرگرتنى ١٧%ى داهاتى نەوتى هەيە. لەئەنجامى ئەوەشدا، بودجەى هەرێم لەو دەساڵەى دواييدا زۆر بەخێرايى هەڵكشاو زيادى كرد. لەسەرەتادا، تەنيا بڕێكى كەم لەو هەژدە مليار دۆلارەى كە حكومەتى ئەمريكى بۆ بنياتنانەوەى عێراق لەپاش جەنگەكە تەرخانيكردبوو، بۆ هەرێمى كوردستان خەرجكرا، كە زۆر كەم لەرووداوەكانى جەنگدا زيانى پێگەيشتبوو. لەلايەكى ديكەوە حكومەتى هەرێم بەشێوەيەكى بەرچاو لەلايەن بەغداوە هاوكاريى دەكراو يارمەتيى دارايى بۆ دەنێردرا، لەنێوياندا ئەو پارانەى كە بەشێك نەبوون لە لەويارمەتييانەى كە دەبوو بۆ هەرێم خەرجبكرێت و تايبەت نەبن بە هەرێمەكە. ئيدارەى سلێمانى كە يەكێتى هەژمونى بەسەريدا هەبوو، تەنيا لەنێوان مارس و نۆڤەمبەرى ٢٠٠٣دا، بودجەكەى لە ٢٠٠ مليۆن دۆلارى ئەمريكييەوە بۆ يەك مليار دۆلارى زياديكرد.[28] لەئەنجامى ئەمەدا، ئەو پەرەسەندنە ئابوورييە هەرچيیەك بێت كە هەرێمەكە بەخۆيەوە بينى، بەڵام بەشێوەيەكى گشتى بەهۆى وەربەهێنانى دەوڵەتەوە بوو، بەتايبەت لەشێوەى گرێبەستەكاندا.[29] واپێدەچوو كە توركيا بووبێتە گەورەترين شەريكى عێراق (هەروەها هەرێمى كوردستانيش)، ئێران بە پلەى

دووەم دەهات. بەوشێوەیە، "ناتالی" ئاماژەیداوە کە هەناردەی تورکیی بۆ عێراق لەساڵی ٢٠٠٧دا، لەنێوان ٢،٨ بۆ ٣،٥ ملیار دۆلار دەخەملێنرێت، ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی بە مەرزی ئیبراهێم خەلیلدا تێپەڕدەبێت و زۆربەی جار بەئاراستەی کوردستانی عێراقدا دەڕوات. لەهەمان کاتدا، بازرگانی سەرسنوورەکان لەگەڵ ئێران، تەنیا لەپارێزگای سلێمانی بە یەک ملیار دۆلار دەخەملێنرێت.[30]

پێدەچێت هەنگاوەکانی عێراق بۆ کەمکردنەوەی قەرزەکانی کاریگەریی لەسەر کوردستانی عێراق نەبووبێت. لەساڵی ٢٠٠٣دا، عێراقی سەدام بڕی ١٢٠ ملیار دۆلار قەرزی بەسەرەوە بوو، لەئاکامی جەنگی ئێران-عێراق و هەروەها جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ەوە. هەرچەندە، لەپاش رووخاندنی رژێمەکەی بەعس، ئەو قەرزانە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمکرانەوە، ئەوەش بەشێکی بەهۆی سڕینەوەی یاخود گۆڕینی بەرنامەی دانەوەی ئەو قەرزانە. لەساڵی ٢٠٠٤دا، ئەوەی پێی دەوترێ (یانەی پاریس) هەستا بەسڕینەوەی ٨٠%ی ئەو ٤٢ ملیار دۆلارەی کە لەعێراق داواکرابوو. چەند دەوڵەتیکی تریش، لەهەمووان گرنگتر چین، هەمان رێچکەی گرتەبەر. بەوەش، لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا، تێکڕای قەرزە دەرەکییەکانی عێراق بۆ ٦٠ ملیار دۆلاری ئەمریکیی یاخود ٢٧%ی تێکڕای داهاتی خۆماڵی دابەزی.[31] هیچ ئاماژەگەلێکی ئەوتۆش نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریی هەر بەرپرسیارێتییەکی حکومەتی ناوەندی بکات لەدانەوەی یاخود لەپێداچوونەوەی بەرنامەی دانەوەی قەرزەکانی.

هیچ ژمارەیەک لەبارەی هەڵئاوسانەوە لەهەرێمی کوردستاندا نییە. ئاشکرایە کە تێچوونی ژیان و گوزەران بەبەراورد بەساڵی ٢٠٠٣، بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو زیادیکردووە، خۆ سەبارەت بەسەرەتای ١٩٩٠کان هەر باس ناکرێ. بەتایبەتی کرێی خانووی نیشتەجێبوون بەتەواویی فڕیوە. ئەوەش، بەشێکی بۆ بەرفراوانی پەرەسەندنی پرۆسەی بنیاتنان لەناوچەکەدا دەگەڕێتەوە. بەهەمان شێوە، چەندین ئاماژەو بەڵگەی ئەوتۆ هەن کە نایەکسانیی ئابووری لە هەرێمەکەدا

بەشێوەیەکی توندو خێرا هەڵکشاوە. هەر لەپارێزگای سلێمانیدا زیاتر لە ١٠٠٠ هەزار ملیۆنیری دۆلار هەیە و هەزاری دیکەش لەهەولێر هەیە.[32] وێرای دەوڵەمەندیی و ساماندارییی ناوچەکە، هێشتا هەژارییەکی زۆر هەیە. لەهەمان کاتدا، لەناوچەکە هێزی کاری بیانی گەورە لە کارمەندی ئوتێل و فرۆکەخانەکان لە هیندی و نیپاڵی و بەنگلادیشی هەیە، هەتا بە کرێکارانی ئەفریقی لەژینگەپارێزو خۆڵڕێژەکان دەگات. لە گۆشەی شەقامەکانی شارە گەورەکاندا، مرۆ چاوی بەو کرێکارە گەڕۆکانەش دەکەوێت کە لەموسل و شارەکانی دیکەی عێراقەوە هاتوون و لەچاوەڕوانی ئەوەدان هەر دەرفەتێکی کارکردنیان دەستکەوێت.



حکومەتە هەرێمییەکە بۆ ماوەیەکی درێژو تاڕادەیەکی زۆر لەدابینکردنی بژێوی خەڵکەکەدا سەرکەوتووبوو. بۆنموونە: لەرێگای لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەدەرچووی زانکۆکان و دامەزراندنیان لە بیرۆکراتییەتی حکومییدا. وێرای ئەوەی روون نییە کە تاکو چەند دەتوانێت لەئەنجامدانی ئەم کارەدا بەردەوام بێت، جیا لەوەی کە ئایا پێویستە بۆ خۆی ئارەزووی ئەو کارەش بکات. دامەزراندن بەشێوەی فەرمانبەری مەدەنیی بەپلەی یەکەم وەک رێگایەک بوو بۆ لەخۆگرتنی

ئەو چینانەی کە دەشێت ماکی ئاڵۆزیینانەوەیان هەبێت. وێرای ئەوەش، لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک و دامەزراندنیان وەک فەرمانبەر بەشێوەیەکی بەردەوام پێویستی بە زێدەکردنی بەرچاوی بودجەی تەرخانکراو بوو بۆ دابینکردنی موچەکان. لە یەنایەری ٢٠١٤دا، بەهۆی کێشەیەکی نالەباری بەردوامی نەوتییەوە، مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی ئەو کاتە، هەستا بەبڕینی ١٧%ی بەشە بودجەی لەهەولێر. کاریگەریی راستەوخۆی ئەم کارە بریتیبوو لە نەدانی موچە لەلایەن حکومەتی هەرێم کوردستانەوە.



لەهەمووی گرنگترو بەرچاوتر سەبارەت بە رووەکانی گۆڕانە ئابوورییەکانی هەریمە کوردییەکە بریتیبوو لە بەرفراوانبوون و تەقینەوەی جومگەی بیناسازیی. پێش ساڵی ٢٠٠٣، گەڕانەوەی دواجاری رژێمی بەعس بۆناوچە کوردییەکان، یان لانیکەم شێوەیەک لەئاشتەوایی لەنێوان کوردو بەغدا، ئەگەرێکی راستیینە بوو، گەرچی

ئەوە بۆخۆی تارادەیەکی زۆر ئەگەریکی دوور بوو. لەئاکامی ئەوەشدا،ژمارەیەکی زۆر لەبیانییەکان دوودڵ و رارابوون لەوەی کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە و وەبەرهێنان لەئابووری لۆکاڵیدا بکەن. لەپاش جەنگەکەی ساڵی ۲۰۰۳، ئەم دڵەڕاوکێیە کۆتاییهات. لەئەنجامی ئەمەشدا، نرخی زەوی، بەتایبەت لە ناوچە شارنشینەکاندا، لەنێوان ساڵانی ۲۰۰۳-۲۰۱۰دا بەخێرایی بەرزبووەوە. سەرباری ئەوەش لەساڵی ۲۰۰۵ بەرەوسەر، زۆر لە عێراقییەکان لەژێر هەڕەشەی توندوتیژیی تائیفیی پەرەگرتوودا، لەناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستەوە بەشێوەیەکی کاتیی روویان لە کوردستان کرد کە بەشێوەیەکی رێژەیی هێورو جێگیر بوو. لەئاکامی ئەمەشدا، لەشارە گەورە کوردییەکان وەک هەولێرو سلێمانی، کرێی خانوو فڕی.

وەک لەپێشتردا تێبینیکراوە، سیاسەتەکانی بەعس و بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک و پەرەسەندنی بازاڕی نێودەوڵەتیی، زیانێکی مەزنی، ئەگەر نەوترێت هەمیشەیی، بە سێکتەری کشتوکاڵی گەیاند. رێنوێنی وەبەرەهێنانی ساڵی ۲۰۰۱، کە نامیلکەیەکی بریقەدارە و حکومەتی هەرێمی کوردستان سپۆنسەری کردووە و بەدیارییکراوی لەلایەن راوێژکارانی بیانییەوە نووسراوە، توانای ناوچەکەی بۆ کشتوکاڵ بەرزنرخاندووە.[33] هەرچەندە، راستییە تاڵەکە ئەوەبوو کە کشتوکاڵ بەشێوەیەکی کرداریی لەکوردستانی عێراقدا نەما، بەجۆرێک ناوچەکە وایلێهات بەتەواویی بۆ زۆربەی پیویستییە سەرەکییە خۆراکییەکانی پشت بەوڵاتانی دراوسێ ببەستێت. [34] دەوڵەمەندیی حکومەتی هەریم لەپاش ۲۰۰۳وە وایکرد بتوانێت خۆراک لەوڵاتانی دراوسێوەو تەنانەت لەوڵاتانی دوورەدەستی دەرەوەش بهێنێت. بۆ نموونە: بەشێکی بەرچاوی ئەو مریشک و پەلەوەرانەی لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێن، لەشوێنە دوورەکانی وەک بەرازیلەوە هاوردە دەکرێن.

سێکتەری گرنگی ئابووری لەبنەرەتدا بریتییە لە بەرهەمهێنانی نەوت. بایەخی ئەم سێکتەرە نابێت وامان لێ بکات لەپەرەسەندنی سێکتەرەکانی دیکە بێئاگابین.[35] حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین

بۆری نەوتی ڕاکێشاوە و بەشێوەیەکی هەندەکیی درکی بەوە کردووەو بە ڕوونیش چاوەڕوانی زێدەبوونی بەرهەمهێنانی نەوت و هەروەها زێدەبوونی بودجەی حکومەتیش دەکات. هەرچەندە، ئەم پلانە مایەی ئەوە بوو کە لەگەڵ بەغداد تووشی ململانێی سیاسی بکات و هەروەها لەگەڵ چێوە سیاسییە نێودەوڵەتییەکەو ئاستی هەڵبەزو دابەزی نرخی نەوتیشدا. هەرێمەکە توانایەکی گەورەی شاراوەی هەیە، بەڵام بەرهەمهێنانی ڕاستیینەی ئێستاکە بەشێوەیەکی سەیر کەمە. بەگوێرەی سندوقی دارایی نێودەوڵەتیی، عێراق لە ساڵی ٢٠١٢دا، ڕۆژانە ٢،٩٥ بۆ ٣ ملیرن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، لەگەڵ پێشبینی بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی بۆ ٣ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانە لەساڵی ٢٠٠١٣.[36] هەمان ڕاپۆرت، بەرهەمهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەک دەخەملێنێت کە ڕۆژانە ٠،٢٣ -٠،٢٥ ملیۆن بەرمیل ڕۆژانە لەساڵی ٢٠١٢دا زێدەتر نییە. بەو ٠،٠٦١هوە کە وەک بەشداری بۆ حکومەتی ناوەند دەخەملێنرێت. ئەوەش ٨،٥% تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوت عێراق تێناپەڕێنێت. سەربارەی ئەوەش، بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم زۆر لە وزەی بەرهەمهێنان کەمترەو ڕوونیش نییە ئاخۆ بەم زووانە بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت یان نا. بەوەش دەوترێت گوایە بۆری نەوتی کەرکوک-جیهان ڕۆژانە توانای ناردنی ١،٦ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە، بەڵام ڕێژەی ناوەندیی نەوتی نێردراوی هەرێمەکە ڕۆژانە لەساڵی ٢٠١٢دا، تەنیا ٠،٣ملین بەرمیل بووە. لەوەش زیاتر، بەرهەمهێنانی ناوخۆی عێراق لە بەرهەمە نەوتییەکانی وەک : بەنزین و غازو نەوتی سپی، ئەوەندە نییە کە بەشی پێداویستییە ناوخۆییەکان بکات. لەئاکامی ئەمەشدا، عێراق بیست لەسەدێکی پێویستییەکانی ڕۆژانەی خۆی لە بەرهەمە نەوتییەکان، لەوڵاتانی دراوسێوە هاوردە دەکات و لەپێش هەمووشیانەوە تورکیا. هەمان ئەم حاڵەتەش بەسەر هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەبێت، ئەوەی کە تەنیا یەک پاڵاوتەی نەوتی هەیە.[37]





عێراق پێشبینی زێدەبوونی بەرچاوی بەرهەمهێنانی نەوت و هەروەها داهاتیش دەکات. ئەم پێشبینییە بەرهەمهێنانی ١٢ ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانەیە لە ساڵی ٢٠١٧د، هەرچەنە خەمڵاندنی واقیعی بریتیە لە هەشت بۆ نۆ بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا.[38] حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمان پێشبینی گەشبینانەی لەوبارەیەوە پێشکەشکردووە. بۆ ماوەی چەندین ساڵ، پەرەسەندنەکانی ئەم واییەی بازاڕی نێودەوڵەتیی جیهانیی پاساوی ئەم گەشبینییەی داوە، بەهۆی بەرزبوونەوەی زۆری نرخی نەوت، لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠١١دا، داهاتی نەوتی عێراقدوو هێندە بوو، وێڕای تەنیا زێدەبوونێکی کەم، یان بەگوێرەی هەندێک لە چاودێران، لەوەستان لەبەرهەمهێنان و هەناردەکردندا.[39] هەرچەندە، دابەزمینی لەناکاوی نرخی نەوت لە ٢٠١٤دا، بەشێوەیەکی لەناکاو کۆتایی بەم پێشبینییانە هێنا. لەئایندەی نزیکدا، هاتنی زۆرینەی داهاتی کوردستان هەر لەبەغداوە دەبێت، نەک لەهەناردەکردنە تایبەتەکانی خۆی. هەر هەوڵێکی سەرەکیی بۆ گۆڕینی ئەم خواستە، پیدەچێت لەلایەن دادگاوە تانەی لی بدرێت. هەرێمەکە سەبارەت بە هەناردەکردنەکانی داهاتووی خۆی، بەردەوامدەبێت کە پشت بە نیازپاکیی تورکیا دەبەستێت. بەڵام هیشتا پێناچێت ئەنکەرە لەپێناو هەناردە نەوتییە کوردییەکە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ بەغدایە بخاتە مەترسییەوە.

بەدڵنیاییەوە، ئەوەی لە راپۆرتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتییدا ونە، ئەو چالاکییە ئابوورییانەن کە وەک باوە بە "نافەرمی" ناودەبرێن. ئەوەی خۆی لەکوردستانی عێراقدا لە بەقاچاخبردنی نەوت و چاو جگەرەو خواردنەوە کحولییەکان و کەلوپەلی حوانکارییدا دەبینێتەوە. ئەوەو جگە لەئاماژەنەدان بە چەندین شێوەی بەرتیلخۆریی و خزمایەتیی و مەحسوبییەت و مەنسوبییەت و گەندەڵیی. لەراستییدا، بازرگانی نیمچە نهێنی نەوت لە سنورەکانەوە زادەی بەردەوامی یان دەستپێکردنەوەی ئەو چالاکییەی بەقاچاخبردنی نەوتە بوو کە لەساڵانی ١٩٩٠کاندا هەبوو. ئەوەی خۆی لەبڕێکی نادیاری نەوتدا دەبینێتەوەو هەندێکی بەنرخێکی زۆر کەم لەو نرخە دەفرۆشرێت کە لەبازاڕی

نێودەوڵەتییدا هەیە.بەڵگەگەلێکی ئەوتۆش هەن کە ئەم ئابوورییە نافەرمییە بەشێوەیەکی جیددی کاریگەریی لەسەر ئابوورییە فەرمییەکە هەیە. بۆ نموونە: لەسەر کاغەز یاسای وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٦دا، بەگشتی زۆر لیبراڵانە و ئازادانەترە لەوەی کە پاش رووخاندنی رژێمەکەی سەدام لەعێراقدا هەبوو. ئەوەی بەڵێنی لێخۆشبوونی باجی بۆ کۆمپانیا بێگانەکان و گواستنەوەی قازانج بۆ دەرەوە بە ئازادانە دابوو. بەکردار، ئەنجامدانی ناوەندگیریی کرداریی یان "پاراستن"ی نافەرمی (لەنێوان حکومەت و کۆمپانیاکان/وەرگێر) کە دەڵێن بەربڵاوە، لەلایەن دەلاڵەکانی حیزبەکانەوە بەگشتی، لەمپەری خستۆتەبەر وەبەرهێنانی بیانی لەناوچەکەدا. هەندێک لەو راپۆرتانەی جەختیان لی نەکراوەتەوە دەڵین : کە کۆمپانیا بیانییەکان ناچاربوون نزیکەی ٥% قازانجەکەی خۆیان بدەنە دەلاڵ و ناوەندگیرە لۆکاڵییەکان.[40] دیارە بەدڵنیاییەوە، مەحاڵە هیچ داتایەکی بڕواپێکراو سەبارەت بەم ئابوورییە نافەرمییە کۆبکرێتەوە نزیکەی وەک بابەتیکی ناساندن. هەرچەندە، پێویستە ئەوەمان لەبیربێت کە تەنانەت ئەوەش سەختە کە پێودانگێک بۆ دیارییکردنی ئابوورییە فەرمی و یاساییەکەش هەبێت، گەر کاریکی وا لەبنەڕەتەوە هەر مەحاڵ نەبێت. سنورەکانی نێوان فەرمی و نافەرمی، هەروەها شەرعی و ناشەرعی، زۆر دەمێکە لەدوای راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ەوە سڕدراوەتەوە، ئەگەر پێش ئەو کاتەش نەبووبێت.

نەبوونی شەفافییەت و سڕینەوەی زۆری هێڵە جیاکەرەوەکانی نێوان فەرمی و نافەرمی و یاسایی و نایاسایی، سیمایەکی بونیادی هەرێمەکە بوو. لەئێستادا هەرێمی کوردستان بەوە جیادەکریتەوە کە بودجەی ساڵانەی دابەشکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی نزیک بەتەواویی تێدا ونە. بەرپرسە باڵاکانی حکومەت نە ئامادەبوون و نەتوانای ئەوەشیان هەیە زانیاری ورد سەبارەت بە بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێم پێشکەش بکەن، یاخود تەنانەت ئەو برە پارەیەش دیاری بکەن کە لەبەغداوە بەدەستیان دەگات.[41]دواهەمین بڵاوکراوەی راستییەکانی وەبەرهێنان کەلەلایەن ئەنجومەنی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی

کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژەی بەوە داوە کە بودجەی گشتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٢ بریتیە لە ١٢،٥ ملیار دۆلار. هەرچەندە، مەحاڵە وردبینی و لێکۆڵینەوە لەسەرچاوەکانی ئەم زانیارییانە بکرێت.[42] بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە داهاتی نەوتی بەغدا لەنێوان ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٣دا، بە چل بۆ چل وشەش ملیار دۆلاری ئەمریکی دەخەملێنێت،[43] ئەوەی کە مافی هەرێمەکە بوولەوەی بەشێوەیەکی فەرمی دەستیبکەوێت بریتیبوو لە ٦،٨ بۆ ٧،٨ ملیار دۆلار. هەرچەندە، ئەمە جگە لەخەملاندنێکی رەق و تەق شتێکی دیکە نییە. ئەو برە راستەقینەیەی دەگاتە ناوچەکە تارادەیەک کەمترە.

ئەم نەبوونی شەفافییەتە، بەدڵنیاییەوە تەنیا تایبەت نییە بە هەرێمی کوردستان، لە پێرستی نێودەوڵەتی درککرنی گەندەڵیی لەساڵی ٢٠١٢دا، لەکۆی ١٧٤ دەوڵەت، عێراق لەپلەی ١٦٩ هەمیندا بوو.[44] لەو رووەوە، خەملاندنی تایبەت بە هەرێمە کوردییەکە نییە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی نەبوونی لێپرسینەوە لەم بوارەدا، هۆکارێکی کەم هەیە وابکات کە چاوەڕوانبکریت لەو بارەیەوە هەرێمە کوردییەکە لەو ناوچانە باشتر بێت کەلەژێر دەسەڵاتی بەغدادایە. بەوەش بەگوێرەی "رێکخراوی چاودێری داهات/ Revenue Watch" لەکوردستانی عێراقدا، هیچ چاودێرییەکی تەشریعی لەسەر پیشەسازی نەوتی هەرێمەکە نییە کە زیاتربێت لەهەر ناوچەیەکی دیکەی عێراق.[45]

حکومەتە هەرێمییەکە هەندێک هەنگاوی گرنگی لەبواری چاککردنی شەفافییەتدا ناوە، ئەگەر بچووکیش بێت. هەرچەندە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠دا، بە (دەستەی شەفافییەت بۆ پیشەسازییە دەرهێنراوە عیراقییەکان/ IEITI)ەوە پەیوەستبووە، ئەوەی هەوڵدەدات کە ئەو رێکارانە بگیرێنەبەر کە پێدانی مافی گرێبەستە نەوتییەکان زیاتر ئاسانتربێت بۆ کۆنترۆڵی دیموکراتی. وێرای ئەوەش، هەتاکو ئێستا ئەم پەرەسەندنە نەبۆتەهۆی هیچ زێدەبوونێکی بەرچاوی شەفافییەت سەبارەت بە مامەڵەکردن و گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمەکە. لەدیدارێکدا، کە لەجولای ٢٠١٢دا لەپاریس ئەنجامدرا، نوێنەرانی دەستەی شەفافییەتی عێراق لەگەڵ

نوێنەرانی بانکی نێودەوڵەتییداو هەروەها نوێنەرانی وەزارەتی نەوتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، بیرخەرەوەیەکی لێکتێگەیشتنیان مۆرکرد بۆ سەپاندنی شەفافییەتی زیاتر. لەوەش گرنگتر، تەنیا نوێنەرانی پلەخوارەوەی حکومەتی هەرێم لەدیدارەکەدا ئامادەبوون. وەک لەزۆربەی راپۆرتەکانی دەستەی شەفافییەتی عێراقییەوە دەردەکەوێت، ئەم پرۆسەی چاودێرییە کاتێکی زۆری گەرەکە تاکو بەشێوەیەکی شیاو گەشەبکات.[46] بەوەش لەبەیاننامەیەکی خۆلادان لەبەرپرسیارێتی کە دەکەوێتە پێش ئەو بەشەی کە تایبەتە بەهەرێمی کوردستان، راپۆرتی ساڵی ٢٠١٣ ی دەستەی شەفافییەتی عێراق، لەبابەتەکانی زیاتر لەساڵی ٢٠١٠ی گرتۆتەخۆ، شکایەت لە "لاوازیی کەناڵەکانی پەیوەندییگرتن" دەکات لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. دواخستنی داتاو زانیارییە پێویستەکان لەلایەن ئەوەی دواییانەوە واتە حکومەتی هەرێم، هیچ کاتێک بۆ دەستەی شەفافییەت ناهێڵێتەوە کە لەریگەی لایەنێکی بێلایەنەوە وردبینی و پێداچوونەوە بکات. هەربۆیە دەستەی شەفافییەت داتاو زانیاریەکانی هەرێمەکەی بەوە لەقەڵەمدا کە "لانیکەمی پێویستی وردیی و متمانپێکراویی" تێدا نییە، لەگەڵ دانپێدانان بەوەدا کە شەفافییەت پرۆسەیەکی فێربوونە.[47] ئاشکرایە ئەم پرۆسەیە کە هێشتا لەقۆناغی بەرایی خۆیدایە، ئەوە ماوە کە ببینرێت ئاخۆ تاچەند زووتر و چەندی دیکە دەخایەنێت راپۆرتە ئایندەییەکانی دەستەی شەفافییەت هەر پەرەسەندن و پێشکەوتنێک دەخاتەبەرچاو.

## ئایدیۆلۆژیی لەساڵی ٢٠٠٣وە
## چەختکردنەوەی لەسەر ناسیونالیزمی کوردیی

لەجەنگەکەی ساڵی ٢٠٠٣وە، عێراق، لەوناوچانەی کە زۆرینەی عەرەبن، چەندین شێوازی پەرەگرتووی توندوتیژیی تائیفیی لەنێوان سوننەو شیعەدا بەخۆیەوە بینی، بەلام بەپلەیەکی کەمتر لەنێوان کوردو عەرەبدا ئەو توندوتیژییە هەبوو. ئاماژەگەلێکی ئەوتۆ هەبوون کە ناسیونالیزمی عەرەبیی چیدی وەک دەیەکانی پێشوو وەک ئایدیۆلۆژییەکی خاوەن هەژمون نەماوەتەوە. لەناوەندو باشووری عێراقدا، وتاری سیاسی هێدی هێدی لە سۆسیالیزم و ناسیونالیزمی عەرەبیی سێکیولار دوورکەوتەوەو سیمایەکی زێدە مەزهەبیی و ئاینیی بەخۆوەگرت. تەنانەت سیاسەتکارە رێبەرەکان لەبەغدا، لەوانەش مالیکی سەرۆک وەزیران، بەشێوەیەک پەنایان بۆ بۆ وتاری مەزهەبیی بردو سوودیان لەدوژمنایەتیی نێوان سوننە و شیعە بەقازانجی خۆیان بینی و زیاتر ئەو دوژمنایەتییەیان قووڵکردەوە. [48] بەپێچەوانەوە، لەکوردستانی عێراقدا، ئیسلامی سیاسی و تائفییەت لەوتاری سیاسیی گشتیدا تەنیا پێگەیەکی لاوەکی هەبوو، لانیکەم هەتاوەکو سەرهەڵدانی داعش لە ٢٠١٤دا.

لەناوچە کوردییەکاندا، زیاتر لە ناوچە عەرەبییەکانی دیکەی عێراق، فۆرمە سێکیولارەکان بەربڵاوبوون. هەرچەندە، ئاماژەگەلێکی ئەوتۆ هەن کە ئەم ناسیونالیزمە گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتبوو بەبەراورد بەسەرەتای ١٩٩٠کان. وێڕای ئەوەی کە یەکگرتووی ئیسلامی و جوڵانەوە ئیسلامییەکانی دیکە هێشتا وە بەشێکی بەرچاو لەشانۆ سیاسییە کوردییەکە مابوونەوە، هەروەها وێڕای ئەوەی کە داواکارییە ئیسلامییەکان سەبارەت بە ئادابی گشتی بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێو کۆمەڵگای کوردیی عێراقییدا دەرکەوتن، بەڵام وتار ئیسلامی سیاسی، هەروەک ناوچەکانی دیکەی عێراق، یان بەگشتی هەروەک ئەوەی لەتورکیا و ئێراندا هەبوو، بەسەر وتاری سیاسییدا زاڵ نەبوو.[49]

فۆرمە سیکیولارەکانی ناسیونالیزمی کوردیی، تەنانەت ئەگەر بەکرداریش بێت، بەردەوامبوو لەوەدا کە فۆرمی سەرەکیی مەرجەعیەتی دەسەڵاتدارێتیی پێکبهێنێت، لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتییش. رێبەرایەتیی کوردیی سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییخوازیی و رکابەریی و ململانێ لەنێوخۆی کورداندا بنیاتنا، لەبری هەر ئەجێندایەکی نەتەوەیی تۆکمە، چ بۆ کوردستانی عێراق یاخود بۆ کوردستانی گەورە. بەوەش، وێرای چەندبارە لێدانەوەی قەوانی گێڕانەوەی ناوچەی کەرکوکی بەنەوت دەوڵەمەند، ئەوەی کە خۆی لەدروشمە باوەکانی وەک (کەرکوک قودسی کوردستانە) دەبینییەوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆر کەمی نا، ئەگەر لەبنەڕەتەوە هەر هیچ هەنگاوێکی نابێ، بۆ بەدیهاتنی یاسایی ئەم داوایە. بەگویرەی مادەی ١٤٠ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، دەبوو بەهاتنی ساڵی ٢٠٠٧، ریفراندۆمێک سەبارەت بە حاڵەتی کۆتایی کەرکوک بکرایە، ئەم ریفراندۆمە هەرگیز ئەنجام نەدرا. هەروەها پێدەچێت نە بەغداو نە حکومەتی هەرێمیش مەبەستی ئەوەیان هەیە کە ریفراندۆمێک بکەن، هەاوەکو ئەو کاتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ناوچە کێشە لەسەرانەی لە هاوینی ٢٠١٤دا کۆنترۆڵکرد. هێشتا داواکان سەبارەت بەو ناوچە کێشەلەسەرانەی وەک شەنگال و دەشتی نەینەوا بێ چارەسەر ماونەتەوە. بەوەش پێدەچێت کە وتاری سەرسەختانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەکەرکوک و دەشتی نەینەوا، زیاتر بۆ پاراستنی نفوزی خۆیەتی لەنێو دانیشتووانی کورددا هێندەی ئەوەی بریتیبێت لە سیاسەتێک بەئاراستەی چارەسەرییەکی دپلۆماسی و یاسایی بۆئەم کێشە هەڵپەسێرراوانە.

ناسیونالیزمی سێکیولاری کوردیی هێشتا پایەدارە، نەک هەر وێڕای ئەڵتەرناتیڤ و ئاڵەنگاری ئیسلامی، بەڵکو وێڕای، یاخود پێدەچێت بەهۆی، دەرکەوتنی فەزایەکی گشتی نێونەتەوەییەوە بێت. پێدەچێت میدیای جیهانگیریی نوێ وەک: ئینتەرنێت و کەناڵی سەتەلایت، هەست و سۆزی نەتەوەیی لەنێو کوردانی عێراق و کوردانی دیکەدا

بەهێزکردبیت، چ ئەوانەی کە لەکوردستانن، یاخود ئەوانەی کە لەهەندەرانن. زمانی کوردیی وەک زمانێکی سەرەکی بۆ پەیوەندی گشتی و هەروەها بۆ پەروەردە و خوێندن، شوێنی زمانی عەرەبیی گرتۆتەوە. هەرچەندە، رژێمی بەعس لەرووی تیۆرییەوە، وەک زمانی فەرمی دانی بەزمانی کورددیدا نابوو، بەڵام هێشتا زمانی عەرەبیی تارادەیەکی زۆر وەک زمانی باڵادەست لەژیانی رۆژانەدا مابووەوە. بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی دەسەڵاتی کوردیی، پەخشی رادیۆو تەلەفیزیۆنەکان و هەروەها نووسینە چاپکراوەکان و لەهەمووشی گرنگتر خوێندن و پەروەردە، بەشێوەیەکی زیاتر بەکوردیی بوون و لەزۆربەی حاڵەتەکانیش تەنیا هەر کوردیی بووە. لەخوێندنگاکانی هەرێمەکە، چیدی عەرەبیی وەک زمانی دووەمیش نەمایەوە، بەڵکو تارادەیەکی زۆر بەزمانی ئینگلیزیی شوێنی گیرایەوە.



وێڕای ئەوەش، هێشتا ئاماژەگەلێکی ئەوتۆ هەن، کە ناسیونالیزمی کوردیی سیماو کارەکتەرەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە. تارادەیەک ئەم گۆڕانە بەهۆکاری دیموگرافیی بووە. لەساڵی ١٩٩١ەوە، بۆ نەوەیەکی تەواو لەکوردستانی عێراقدا، نەهامەتی و حوکمی

توندوتۆقینەری سەدام حسێن لەیادەوەرییەک زیاتر نەمابوو کە لەلایەن پیرەپیاوانی خزمانەوە بگێڕدرێتەوە. خۆبەڕێوەبەری کوردیی لەخەونێکی پاڵەوانانەوە بووە واقیعێکی رۆژانە. بەوەش چیرۆکە نەتەوەییە کلاسیکییەکانی خەباتی شاخ و پارتیزانی و شەهیدبوون و شەرعییەتی شاخ کە حیزبەکان هەوڵیاندەدا بۆ کۆنترۆڵکرنی ژیانی گشتی و قۆرخکاریی دەسەڵات بەکاریبهێنن، سەرنجی لاوانی نەوەی نوێی وەک نەوەکانی پێشوو رانەدەکێشا. لەساڵی ٢٠٠٣بەرەو سەر، کۆمەڵگای کوردیی عێراقیی بەشێوەیەکی دیار کۆمەڵگایەکی بەکاربەرو ئیستهلاکیی بوو. لەهەمان کاتدا، داواکاری زیاتر بۆ ئازادی و شەفافییەتی زیاتر لەحکومەتداو مافی زیاتری ژنان هەبوون. خۆپێشاندانەکان لەهەندێک حاڵەتدا توندوتیژییان لێ دەکەوتەوەو لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا بەشێوەی توندوتیژ سەرکوتدەکران. هەرچەندە لەئێستادا، نیشانەگەلێکی کەمتری بوونی هەر جوڵانەوەیەکی ناڕەزایەتیی لەدەرەوەی پرۆسەی هەڵبژاردندا لەئارادایە. وێڕای ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانی خەڵک لەشێوازی حوکمی لینینستی حیزبە دەسەڵاتدارەکان هەیە، ئەوە ماوە ببینرێت کە ئاخۆ دەتوانرێت ئەم ناڕەزایەتییانە بەئاراستەی چاکسازییەکی جەوهەرییدا ببرێت.



## مەیدانێکی دیکە

## رۆژئاڤاو دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)

بەهۆی دژوارییە نێوخۆییەکان و پەرەگرتنی جەنگی نێوخۆیی لەسوریای دراوسێ، هاوسەنگیی فشەڵ لە عێراق لەماوەی ساڵی ٢٠١٤دا، بەشێوەیەکی مەترسییدار شێوا. بەتایبەت هەڵکشانی خیرای داعش، ئەوەی لەلایەکەوە بەهۆی بۆشایی دەسەڵاتەوە لەعێراق و سوریا، زەمینەی بۆ رەخساو هەروەها بەهۆی نارەزایەتیی بەشێکی گەورەی عەرەبی سوننە لەعێراق ، توانی بەتەواویی رەهەندی نوێ بۆ ململانێ بێنێتەئارا.

لەبەهاری ٢٠١٤دا، بارزانی ویستی خۆی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ناوچەکە راگەیاند. ئەم راگەیاندنە بۆخۆی بەروونی هەنگاوێک بوو بە ئاراستەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەغدا سەبارەت بە فرۆشتنی نەوت و داهاتەکانی. ئەوەی تیایدا مالیکی پێدانی پاڵپشتییە مادییەکەی لە حکومەتی کوردستان بڕیبوو. گومانێکی ئەوتۆ سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی ئەم کارە نەبوو، ریفراندۆمێکی هاوشێوە کە لەساڵی ٢٠٠٥دا کرابوو، دەنگی ٩٥%ی بەئەرێ بەدەستهێنابوو. هەروەها حکومەتی هەرێم هەوڵیدا راستەوخۆ نەوتەکەی لەبازاڕی نێودەوڵەتییدا بفرۆشیت. ئەم هەوڵانە رووبەڕووی لەمپەری جیددی سیاسی و یاسایی بووەوە. لەماوەی ئەم ناکۆکییانەی نێوان بەغداو هەولێردا، داعش لە یەنایەری ٢٠١٤دا، دەستی بەسەر فەلوجەدا گرت. ئنجا ئەوەی هەمووانی سەرسامکرد، هێزەکانی داعش بەهێزە لۆکاڵییەکانی موسڵەوە پەیوەستبوون لەپێناو دەستبەسەرداگرتنی موسڵدا لەمانگی ژووندا و لەماوەی شەوورۆژێکدا. پێدەچێت کە سوپای عێراقیی بەئاسانی هەڵوەشێنرابێتەوە. لەسەروبەندی داڕمانی سوپادا، هێزە چەکدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخێرایی بەرەو ناوچە جێناکۆکەکان کشان لەکەرکوک. مالیکی بەتوندیی نارەزایەتیی پێشاندا، بەڵام لەدۆخێکی ئەوتۆدا نەبوو بتوانێت کە هەنگاوی توند دژی حکومەتی هەریم بنێت، چ جای ئەوەی هێرشێکی پێچەوانە دژی

داعش بکات. واپێدەچوو کە داعش ماوەیەک کوردستان لەئاراميیدا جێبهێڵێت، بەڵام لە مانگی ئوتدا، هێرشێکی دەستپێکردو شەنگال و دەشتی موسڵ و مەخمورو جەلەولای لەباشوور، بەئامانج گرت. لەشەنگال، هێزەکانی هێڵی بەرگریی کوردیی نزیکەی بەتەواویی دارمان و لەبەریەک هەڵوەشان، ئەوەی شەپۆلێکی بەرفراوانی پەنابەرانی هەڵاتووی لێکەوتەوە.



هێرشەکانی داعش کاریگەریی گەورەی کۆمەڵایەتیی و سیاسی بەسەر کوردانەوە هەبوو. یەکەم، ناوچەکە بۆخۆی پڕی بوو لەو پەنابەرانەی لەسوریاوە هەڵاتبوون، شەپۆلێکی نوێی پەنابەریی هەڵاتووی بەخۆوەبینی کە سەر بەقەوم و تایفەی جۆراوجۆر بوون. ئەوە شتێکی بەرێکەوت نەبوو کە هێرشی داعش لە ئوتدا ئەو ناوچانە بکاتە ئامانج کە زیاتر ئێزیدی و مەسیحی و شەبەک و گروپە ئیتنییە بچووک و جیاوازەکانی لێ بوون. لەوانەیە داعش جەخت و پابەندی

حکومەتی هەرێمی کوردستانی تاقیکردبێتەوە سەبارەت بە بەرگرییکردن و پاراستنی کەمایەتییەکانی ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی کوردییدایە. دووەم، مالیکی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە و حەیدەر عەبادی لەشوێنەکەی دانرا، ئەوەی کە تەنیا رووبەڕووی ئاڵەنگاری چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر یەکە لەکوردو عەرەبە سوننەکان نەبووەوە، بەڵکو لەچارەسەرکردنی ئەو گەندەڵییە بەربڵاوەشدا کە دەتوانرێت بوترێت کە هۆکارێکی ریشەیی ململانێیەکان بوو. سێیەم، دەزگای میدیاییە کوردییەکان کە زۆر راشکاو بوون لەرەخنەگرتن لەدەسەڵاتدارانی بەغدا، هەروەها بەشێوەیەکی زێدە کەوتنە گرتنەبەری ئاراستەیەکی دژەعەرەب.



سەرەتا ئەوەی کەمتر لەرۆژنامەو بڵاوکراوە نێودەوڵەتییەکاندا تێبینیکرا، بەڵام لەناوەرۆکدا سەرنجڕاکێش بوو، بریتیبوو لە دەرکەوتن و پشکوتنی کوردستانی سوریا یان رۆژئاڤا، وەک مەیدانێکی نوێی چالاکیی کوردیی و بوارێکیش بۆ رکابەریی لەنێوان خودی کورداندا. چارەنووسی کوردانی سوریی هەرگیز لەدەرەوە بایەخێکی زۆری پێ

نەدرا. بەڵام ئەمە لەپاش دەستپێکردنی نارەزایەتییەکان دژی بە بەشارئەلئەسەد لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١دا، گۆڕانی بەسەردا هات. هەرزوو، جەنگی نێوخۆیی سوریی بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری کردە سەر کوردانی عێراق. یەک لەهەرە کاریگەرە ئاشکراکانی بریتیبوو لە تێرژانی ژمارەیەکی زۆر لەپەنابەرانی سوریی بۆ ئەوێ، بەڵام لەرووی سیاسییشەوە کاریگەریی لەناچەکە کرد. ئەوەی لەسەرەتادا کوردانی سوریا چاوەڕوانییان کردو بەوریاییەوە روانییانە راپەرینەکە، ئەوان نە لەگەڵ رژێمەکەدا بوون کە بۆماوەی چەندین دەیە دەیچەوساندنەوەو نە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنیش بوون کە مەیلێکی کەمی لەبەرامبەریاندا هەبوو، ئەوە ئەگەر هەر هیچ مەیلێکی هەبووبێت بۆئەوەی مافی سیاسی کوردان بدات، چ جای ئەوەی کە خودموختاریی یان فیدراڵییان پێ ببەخشێت. پاشان لەجولای ٢٠١٢دا، حکومەتی سوریا هێزەکانی خۆی لەو ناوچەکە کشاندەوە کە زۆرینەی کورد دانیشتووانەکەیان بەدرێژایی سنوری سوریی – تورکیی پێکدەهێنا، جگە لە قامیشلو. ئەم پاشەکشەیە بەبێ شەر ئەنجامدراو سوپای سوریی هەموو چەک و جبەخانەکەی خۆی بۆ "پارتی یەکێتی دیموکراتی کوردیی / پەیەدە" جێهێلا. پەیەدە، هەرزوو بەهاوکاری باڵی سەربازیی "پەیەژە / یەکینەکانی پاراستنی گەل" ئیدارەی تایبەتی بەخۆی دامەزراند. وێرای ئەوەی پارتەکە لەرووی ناوەوە سەربەخۆ بوو، بەڵام ئەم پارتە نەک هەر هاوپەیمانییەکی پتەوی لەگەڵ پارتی کرێکاران / پەکەکە دا هەبوو، بەڵکو لەسایەی فەرمانی راستەقینەی توندی "جەمیل بایک" سەرکردەی سەربازی پەکەکەدا بوو، ئەوەی کە بۆخۆی لەچیای قەندیل مایەوە. ساڵح موسلیمی سەرکردەی پەیەدە، زۆر کات لەئەوروپا نیشتەجێیە. چاودێرە لۆکاڵییەکان باس لەوە دەکەن کە نزیکەی ٥٠٠٠ گەریلای پەکەکە لەچیای قەندیلی دوورەدەستەوە لە کوردستانی عێراق بۆ ئەم مەبەستە گواستراونەتەوە بۆ رۆژئاڤا، وەک دەڵێن بە پاڵپشتی چالاکانەی ئێران.[50]



سالْح موسلیم



جەمیل بایک

لەناوخۆشدا، پاشەکشەی ئەسەد ڕێگەی پێدا کە سەرنجی خۆی لەسەر ناوچەکانی دیکەی وڵاتەکە چڕبکاتەوە. لەسەر ئاستی

نێودەوڵەتییش، وەک کارێکی تۆڵەسێنانە لەدژی پاڵپشتی تورکیا بۆ ئۆپەراسیۆنی چەکداریی سوریی دەرکەوت. بەهەرحاڵ، ئەمە بەشێوەیەکی دراماتیکی باڵانسی تەواوی نێوخۆیی هێزی لەنێوان پارتە کوردییەکان و سوریا دا گۆڕی لەماوەی شەوورۆژێکدا، لەگەڵیشیدا، دینامیکییەت و بزۆزی تەواوی کێشەی کوردی لەناوچەکە بەرفراوانترکرد. بەشێوەیەکی تایبەتیش، دەرکەوتنی لەناکاو، یاخود زیاتر دەرکەوتنەوەی، بوونی مەزنی پەکەکە لەنێو کوردانی سوریا وەک لەمپەرێکی سەرەکی بەردەم خولیا هەرێمییە بەرفراوانەکانی بەردەم بارزانی بوو. [51] پەیەدەو ئەنەکەسە، چەند رێکەوتنێکیان گرێدا، هەموویان بەهۆی ناوەندیگیریی پارتییەو بوو. بەڵام هەموو ئەمانە وەک مەرەکەبی سەرکاغەز مانەوە، بەوەش رۆژئاڤا بووە مەدانێکی نوێ بۆ باڵادەستی هەرێمیی لەنێوان کووردا، بەتایبەت لەنێوان پەکەکە کە عەبدوڵلا ئۆجالان سەرکردەیەتی، ئەوەی بە دەستبەسەری لەتورکیا مابووەوە، هەروەها پارتیش کە بارزانی سەرۆکی بوو، ئەوەی وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێم مابۆوە.

هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال لە عیراق و ئەوەی بەدوایدا هات لەگەمارۆدانی کوبانی "عين العرب" لەلایەن ئەم هێزەوە لەرۆژئاڤا، تەنیا نەبووە هۆی پێکدادان لەنێوان ناسیونالیزمی سێکیولاری کوردیی و ئیسلامی توندڕەو، بەڵکو بووەهۆی رکابەری پارتی و پەکەکەش. دوای پاشەکشەی لەناکاوی هێزەکانی حکومەتی هەرێم، ئەوەی دانیشتووانە لۆکاڵییەکەی لەژێر ترس و تۆقاندنی داعشدا جێهێشت. ئەوە گەریلاکانی پەکەکە بوون، نەک پێشمەرگەی کوردی عێراق، کە راڕەوێکی ئارامیان بۆ سڤیلە گەمارۆدراوەکانی شەنگال، کەزۆربەیان ئێزیدیی بوون، دابینکردو ئەوانیان پاراست. هەروەها، ئەوان لەم پرۆسەیەدا لەنێوان سوریاو عێراقدا، پردێکیان بۆخۆیان دامەزراند. کارێکی ئەوتۆ کە حکومەتی هەرێم بۆی قووت نەدەچوو، هەوڵیدەدا رێگای لێبگرێت. بەرگریی پەکەکە لەشەنگال و هەروەها تەنانەت سەرکەوتنی پەیەدە لەکۆبانی بووە پرۆپاگەندەیەکی مەزن بۆ هێزەکانی دۆستی پەکەکە.

# ئەنجامگیریی

## ئایا کوردستانی عێراق نیمچە دەوڵەتە؟

چەندین نووسەر بەشێوەیەک وەسفی هەرێمی کوردستانیان کردووە وەک ئەوەی نیمچە دەوڵەتێک بێت، واتە قەوارەیەکی دیفاکتۆی سەربەخۆ بێت، یان وەک قەوارەیەکی خاوەن سەروەریی نێوخۆیی، یان قەوارەیەک کە هێدی هێدی بەرەو سەربەخۆیی مل دەنێت، زیاتر لەوەی لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی عێراقییدا تێکەڵ و یەکگرتووبێت.[52] بەڵام مرۆ دەبێت ئەو پرسیارە بکات کە تاوەکو چ رادەیەک ئەم هەریمە خودکەفاو پشتبەخۆبەستە، یاخود تەنانەت تاوەکو چەندە لەرووی ئابوورییەوە یان سیاسییەوە تۆکمەو یەکگرتووە. هەرچەندە هەریمە لەچەند روویەکیشەوە یەکگرتووە، بەڵام هێشتا ناوچەکە بەسەر دو زۆنی پارتی و یەکێتیدا دابەشە کە ئەو دوو حیزبە بەناوچەی نفوزی خۆیان دەزانی. وێڕای ئەوەی کە هێزی ئۆپۆزسیۆنی نوێ هاوشێوەی گۆڕان بەشێوەیەکی زێدە ئاڵەنگاری ئەم هەژمونە لۆکاڵییە دەکات، هەروەها یەکێتی لەسەر ئاستی لۆکاڵی بەشێوەیەکی زێدە لاواز بووە، بەڵام ئالییەتی مەحسوبییەتی هەردوو حزبەکە لەو دوو زۆنە هێشتا چەسپاو و تۆکمەیە. هەریەکە لەپارتی و یەکێتی ناخوازن هێزی خۆیان لە هەڵبژارنی پارێزگاکاندا تاقیبکەنەوە کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوان دەکرێت ئەنجامبدرێت، ئەوەی پێدەچێت تیایدا کە ئەو دوو حیزبە کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر زۆرێک لە پۆستی ئیدارە ناوچەییەکاندا لەدەستبدەن. لەرووی ئابوورییەوە، ناوچەکە زۆر دوورە لەخودکەفایی و لەراستییدا هەموو کەلوپەلێک و مەوادی خۆراکی زیاتر لە دەرەوە هاوردە دەکرێن، نەک لەنێوخۆدا بەرهەم بهێنرێت. هەروەها سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتەکەش، ئەوە هەتاوەکو ئێستا پەیویستە بە خواست و نیەتباشی بەغداو ئەنکەرەوە. لەوەش زیاتر، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە بەشێکی بەرچاو، ئەگەر زۆربەشی نەبێت، لەبەرهەمهێنانی نێوخۆیی نەوت کە بۆ بەکارهێنانی

ناوخۆیی سوودی لی وەردەگیرێت، رەنگە مرۆ بپرسێت کە کەی توانای بەرهەمهێنانی خودی هەرێمەکە بۆ ئاستێک بەرزدەبێتەوە بتوانێت پاڵپشتی ئاستی ئێستاکەی گوزەران و ژیانی خەڵکەکەی بکات. هەرچەندە، ئەم گرێدانە یان پشتپێبەستنە ئابوورییە، لەوتاری سیاسی لۆکاڵیدا رەنگ ناداتەوە، کە تاڕادەیەکی زۆر رەخنەئامێزە لەحکومەتی ناوەندیی و دژەعەرەبیشە.

پەیوەندی نێوخۆیی کوردانیش بەهەمان شێوەی ئەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە بینوە، لەنێوخۆدا پارتی کە کاریگەرانە بۆتە حیزبی کوردی باڵادەست لەکوردستانی عێراق، لەگۆڕان نزیک بۆتەوە. لەئاستی ئاستی نێودەوڵەتیشدا، رکابەرییەکەی لەگەڵ پەکەکە تادێت زیاترو زیاتر دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەسەر خاکی سوریا، بەڵام لەتورکیاشدا هێشتا زیاتر دەبێت. لەپاش لاوازبوونی یەکێتی لە هەڵبژاردندا، بەتایبەتی پاش غیابی تاڵەبانی لەگۆڕەپانی سیاسییدا لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٢وە، تادێت بارزانی زیاتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی و بەتایبەتیتریش لەنێو کوردانی سوریاو ئێران و تورکیادا، خۆی دەچەسپێنێت. لەسوریادا، ئەو پاڵپشتی سەرەکی کۆنگرەی نەتەوەییە "ئەنەکەسە" کە هاوپەیمانییەکە لەلایەن چەند گروپێکەوە پێکهاتووە کە زیاتر بەهۆی روانگەی دژەپەکەکەییانەوە سەریان بەیکدا کردووە. بارزانی، لەتورکیاداو لەرووی سیاسییەوە خۆی بە ئۆردۆغانی سەرۆک وەزیراندا هەڵواسیوە، تەنانەت لەکۆنگرەی گشتی ئاک پارتی لەئۆکتۆبەری ٢٠١٢دا، ئامادەگیی هەبوو، هەروەها، لەنۆڤەمبەری ٢٠١٣دا، سەردانیکی فەرمی ئۆردۆغانی لەدیاربەکر کردووە.[53] ئەم دیدارە لەبنەڕەتدا سیمبولیک بوو، ئەگەر نەوترێت کە سیمایەکی پرۆپاگەندەیی هەبووە. چاودێرانی لایەنگری پەکەکە ئەم دیدارەیان رسواکردو تەنیا بەفێڵێکی ئۆردۆغانیان لەقەڵەمدا بەئامانجی لاوازکردنی پەکەکەو بەتایبەتی پارتی ئاشتی و دیموکراتی (بەدەپە). هەرچەندە، ئەوە جێگەی گومانە کە بارزانی ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر لەگۆرەپانی کوردی تورکییدا، تەنیا هەر لەبەر ئەوەی کە

ڕێگە بەخۆی بدات لەگەمەو تاکتیکە نێوخۆییەکانی ئۆردۆغاندا، بەکاربهێنرێت. هەروەها جێگەی گومانیشە، کە ئەم سەردانە وابکات گۆڕانکاریی لەهەڵوێستی تورکیادا بێتەدی بەشێوەیەک پشتبکاتە بەغداو ڕووبکاتە هەرێمی کوردستان. لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە کوردستانی عێراق زیاتر پشتی بەتورکیا دەبەست وەک ئەوەی بەپێچەوانەوە بێت. لەڕاستییدا، تورکیا، کوردستانی عێراقی تەنیا بۆ نەوتەکەی ناوێت، لەکاتێکدا کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بەتورکیا دەبەستێت، نەک تەنیا بۆ بەرهەمە پاڵێوراوەکانی نەوت ، بەڵکو لەبەشێکی گەورەی کەلوپەل و بابەتە خۆراکییەکانیش. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم وابەستەییە ئابوورییە هەمیشەییە، پێدەچێت کوردانی عێراق لەداهاتودا ملکەچی فاکتەرە سەرەکییە نیتشمانییەکان بن لەناوچەکەدا، بەتایبەتی سوریا و تورکیا و عێراق، زیاتر لەوەی کە لەنێوخۆدا سەربەخۆبن، چ جای سەربەخۆیی!!







# سەرچاوەو پەراوێزەکان

---

• ئەم لێکۆڵینەوەیە لەساڵی ٢٠١٥ دا لەلایەن دکتۆر میشێل لیزەنبێرگەوە نووسراوەو لەژمارەی ١ی بەرگی ٢٣ی گۆڤاری توێژینەوە عەرەبییەکاندا، بڵاوکراوەتەوە.

[1] - بۆنموونە، ئەزمونی کوردیی لەگەڵ ئەو ئیدعایەی "تۆبی دۆج/ Toby Dodge"دا پێکدژە کە دەڵێت : "رایەڵەی راستەوخۆ هەیە ئەو نەهامەتیی و ئازارەی کە بەسەر خەڵکانی عێراقییدا سەپێنرابوو بەهۆی گەمارۆکەی پاش ساڵی ١٩٩١ بەسەر رژێمدا، لەگەڵ ئەو توندوتیژییانەی کە پاش ساڵی ٢٠٠٣ سەریانهەڵدا." بروانە:

Iraq from War to a New Authoritarianism (London: Routledge, 2012).

بەشێوەیەکی گشتگیر، نووسەرانی جۆراوجۆر بەشێوەیەک قسە لەسەر عێراق دەکەن وەک ئەوەی یەکەیەکی یەکگرتووی تۆکمە بێ، لەوەدا بەکەمگرتن و پشتگوێخستنی رەوشی ئەزمونی هەرێمی کوردستان دەگرنەبەر.

[2] - ئاشکراو سەرنجراکێش بوو، کە لەساڵی ٢٠٠٣دا، "ئیدوارد سەعید" گاڵتەی بەو پیشنیارە پێکەنیناوییەی "کەنعان مەکیە" کردووە کە "پێویستە هەرێمەگەرایی نەک ئیتنۆگەرایی بکرێتە بنەمایەک بۆ عێراقی داهاتوو، ئەوەی کە نەبستراوەتەوە بە نەتەوەیی عەرەبییەوە. " لەراستییدا، پێشنیارەکەی مەکیە بەوەی هەر ناوچەو هەرێمێک بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانەکەی بەشی خۆی بەرکەوێ، هەروەک ئەزمونەکەی هەرێمی کوردستان لەچوارچیوەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکدا.

“After Saddam 1,” Prospect Magazine , 20 November 2002)

پوختەی رەتکردنەوەی سەعید "چارەسەری جادوویی بۆ نەهێشتنی تەعریب" کە مەکیە پێشکەشی کردووە، بەئاسانی لەسەر ئەو گریمانەیە وەستاوە کە عێراق جگە لەوەی دەوڵەتێکی عەرەبییە ناتوانێت شتیکی تر بێت. بڕوانە:

Edward Said, "Misinformation About Iraq," reprinted in From Oslo to Iraq and the Road Map (New York: Pantheon Books 2004), 232-38.

[3] - بۆ زانین سەبارەت بە ڕاپەڕینەکان و شکستی پاڵپشتی نێونەتەوەیی بۆ بەدیهاتنی بڕوانە:
Faleh Abdul Jabar, "Why the Uprisings Failed," Middle East Report 176 (May/ June 1992): 44-58.

[4] - هەموو ئەو نووسەرانەی سەبارەت بە عێراق نووسیویانە، شارەزایی و ئەزمونی بەرچاوو پێگەی حیزبە کوردییەکانی عیراق بەتەواویی بەهەند وەرناگرن. "دۆج" لەلاپەڕە ٤٢-٤٣ کتیبەکەی عێراقدا، پارتی و یەکێتی لەنێو ئەو شەش حیزبە لەقەڵەمەدات کە "پێ]تر لەدوورخراوەیی بوون" هەژموونیان بەسەر ئەنجومەنی حوکمەوە هەبووە کە لەساڵی ٢٠٠٣دا دامەزرێنراوە. ئەوەشی زێدەکردووە کە ئەوان بنەمایەکی لۆکاڵی هەڵبژاردنیان نییە :"لەدوورخاوەیی پێگەی بەرچاویان پەیدا کردووە بەهۆی خۆهەڵواسینیان بە ئەمریکادا" لەراستییدا، ویڕای ئەوەش حیزبە کوردییەکان لەسەر خاکی عێراقدا بەتەواویی نائامادە نەبوون و لەکۆتایی ساڵی ١٩٩١ەوە لەدەسەڵاتی فیعلیدا بوون و دەتوانێت لەسەر بنەمای هەڵبژاردنە هەرێمییەکە لەمایۆی ١٩٩٢دا، دوای بڕێک لەرەوایەتیی بکەن.

[5] - ئەوەی حکومەت وەک ئۆپەراسیۆنێکی دژەیاخییبوون پێشکەشیکرد، لەراستییدا، ئەنفال وەک هەڵمەتێکی تەواو لەناوبەرانە بوو لەدژی چەندین کۆمەڵ لە دانیشتووانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت. ئەوەی تیایدا بەشێوەیەکی سیستماتیک، چەکی کیمایی دژی خەڵکی سیڤیل بەکارهات. بەگوێرەی خەملاندنە جیاوازەکان، هێزەکانی حکومەتی عێراق لەنێوان ١٠٠ هەزار بۆ ١٧٥ هەزار لەخەڵکی بێدیفاعیان کوشتووە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنەکە بڕوانە:
Human Rights Watch, Iraq's Crime of Genocide: The Anfal Campaign Against the Kurds (New Haven: Yale University Press, 1995).

[6] - بۆ گێڕانەوەی وردەکاری زیاتر سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، بروانە:
Ruud Hoff, Michiel Leezenberg, and Piet Muller, Elections in Iraqi Kurdistan : An Experiment in

Democracy (Amsterdam: SNK/ Pax Christi, 1992).

[7] - لەجــوڵای ٢٠١٤دا، مەعســوم لەدوای جەلال تاڵەبــانی بــوو بە ســەرۆکی عێراق.

[8] - ســەبارەت بە پەرەســەندنی ســەرەکیی ئــابووری لەمــاوەی ســاڵی ٢٠٠٣دا، بڕوانە:
Michiel Leezenberg, "Refugee Camp or Free Trade Zone? The Economy of Iraqi Kurdistan since 1991," in Iraq's Economic Predicament, ed. K. Mahdi (London: Ithaca Press, 2002), 289-320; cf. Gareth Stansfield, Iraqi Kurdistan, 47-58;
ســـەبارەت بە پەرەســـەندنی ئـــابووری درێژخـــایەن لەپـــاش ســـاڵی ٢٠٠٣، بەتایبەت بڕوانە:
Denise Natali, The Kurdish Quasi-State (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 2012).

[9] بـــۆ زانیـــاریی ســـەبارەت بە چاکســـازییەکانی بـــازاڕی عێـــراق بەتـــایبەت بڕوانە:
Kiren Aziz Chaudhry, "On the Way to Market: Economic Liberalization and Iraq's Invasion of Kuwait," Middle East Report 170 (May- June 1991): 14-23;

ســـەبارەت بە کوردســـتانی عێـــراق وەک " ئـــابووری جەنگـــی نێوخـــۆ" کە بەیەکترخۆریی و وەحشییەت ناسراوە، بڕوانە:
Hamit Bozarslan, "Le Kurdistan: Économie de guerre, économie dans la guerre," in Économie des guerres civiles , eds. F. Jean and J.C. Rufin (Paris: Hachette, 1996), 117-18.

[10]- بـۆ زیـاتر سـەبارەت بە شکسـتی خەرجکردنـی پـارەی تەواوی دابینکـراو

بــۆ ســندوقی بەرنــامەی نەوت بەرامــبەر بەخــۆراک بــڕوانە: Natali, 58-74;

بــۆ کــورتە شــرۆڤەکاریی گەنــدەڵیی ســەبارەت بە بەرنــامەی نەوت بەرامــبەر بەخۆراک لەکوردستانی عێراقدا ، بڕوانە:

tafford Clarry, "Iraqi Kurdistan: The Humanitarian Program," in Kurdish Identity: Human Rights and Political Status , eds. Ch. MacDonald and C. O'Leary (Gainesville: University of Florida Press, 2007), 149-54.

11- سەبارەت بە هەڵکشانی سەلەفیزمی جیهادی بەگشتی بڕوانە:

Gilles Kepel, Jihad: The Trail of Political Islam (London: I. B. Tauris 2002);

سەبارەت بەهەڵکشانی سەلەفیزمی جیهادی لەکوردستان بڕوانە:

Leezenberg, "Political Islam Among the Kurds," in The Kurds: Nationalism and Politics , eds. F. Abdul- Jabar and H. Dawod (London: Saqi Books, 2006), 203-27.
Martin van Bruinessen, Agha, Shaykh, and State: On the Social and Political Structures of Kurdistan (London: Zed Books, 1992), 222-34.

12 -چــاوپێکەوتن لەگەڵ نــوێنەری بــاڵای بــزوتنەوەی ئیســلامی لە لەنــدەن ، ژوونی ٢٠٠٠.

13 ـ لە ١١١ کورســـی پارلەمـــان، یازدەیـــان بـــۆ کەمینەکـــانی هەریـــم تەرخـانکراوە، پێنجیـان بـۆ مەسـیحییەکان و پێـنج بـۆ تورکومـان و یەکێـک بـۆ ئەرمەن. کەمینەکـــانی دیـــکەی وەک ئێزدیـــی و کـــاکەیی شـــەبەک لەلایەن حکـومەتی هەرێــمەوە وەک کەمیــنەی جیــاواز لەقەڵەم نــادرێن، بــۆیە هــیچ کورســـــییەکیان نیــــیە. لەهەڵبژاردنەکـــــانی ســــاڵی ١٩٩٢دا، لە ١٠٥ کوردســــییەکە، پێنجیـــان بـــۆ مەســـیحییەکان تەرخـــانکردو هـــیچ بـــۆ تورکومانەکان، چونکە بەرەی تورکومانی چوونە پارلەمانی رەتکردەوە.

14 ـ لە بنەڕەتـدا، نەوشـیروان رێـبەری کـۆمەڵە ماویسـتەکان بـوو پـێش ئەوەی لەســـاڵی ١٩٧٥دا پەیوەنـــدیی بە یەکێتیـــیەوە بکـــات. ئەو وەک پـــارتیزانیکی

تونـــدوتیژ ناوبـــانگی خـــۆی پەرەپێـــدا، نەک تەنیـــا دژی بەعـــس بەأکـــو دژی گـــــروپە نەیـــــارە رکابەرەکانیشـــــی. لەمـــــاوەی ســـــاڵانی ١٩٩٠کانـــــدا، پرۆپاگەنـــدەیەکی ئەوتـــۆ هەبـــوو کە بەشـــێوەیەکی کـــاتی پاشەکشـــەی کـــردووەو خەریـــکە لەیەکێتـــی جیـــابێتەوە، ئەوەی روویـــنەدا هەتـــاوەکو ســـاڵی ٢٠٠٨، دواجار لەیەکێتی جیابووەوە.

[15] - بـــۆ مشـــــتومڕی زیـــــاتر ســـــەبارەت بە هەڵبژاردنەکـــــان لەســـــێپتەمبەری ٢٠١٣دا، بڕوانە:
Inside Iraqi Politics 71 (14 November 2013): 4-9.

[16] - هەمان سەرچاوە، ل٤.

[17] - پـــارتەکە لەواقیعـــدا بەســـەر ســـی باڵـــدا دابەشـــبوو کە لەلایەن: هێـــرۆی ژنـــی تاڵەبـــانی ، کۆســـرەت رەســـول، هەروەهـــا بەرهەم ســـاڵحی ســـەرۆکی وەزیرانـــی پێشووی هەرێمەکەوە سەرکردایەتیی دەکران.

[18]- Inside Iraqi Politics 71 (14 November 2013): 4.

[19] - چـــــاوپێکەوتن لەگەڵ کەســـــایەتییەکی کـــــوردیی ئۆپۆزســـــیۆن ،هەولێـــــر، ئەپڕڵی ٢٠١٣ ، ئەمستەردام ٢٠١٣.

[20] - ســـەبارەت بە ئـــاژاوەکەی هەڵەبـــجە ، بـــڕوانە راپـــۆرتەکەی بـــی بـــی ســـی لە ١٦ی مارسی ٢٠٠٦.
http://news.bbc.co.Uk/2/ hi/middle_east/4812128.stm.
سەبارەت بەناڕەزایەتییەکانی سلێمانیش بڕوانە:
Amnesty International, "Restraint Urged in Iraq's Kurdistan Region Following More Protester Deaths":
http://www.amnesty.org/en/news-and updates/restraint-urgeiraq%E2%80%99s-kurdistan-regionfollowing-more-protester-deaths-201 1-02-21; for an English-language summary of local reports on the latter, see Inside Iraqi Politics 17 October 2013.

21-

http://www.hrw.org/news/2013/02/09/iraqi-kurdistan-free-speech-under-attack
http://www.amnesty.org/en/region/iraq/report-201 3#section-free-speech-under-attack; 67-8.

22 - بۆ کورتە سەرنجێک سەبارەت بەعێراقی دوای جەنگەکەی ٢٠٠٣، بروانە:
Bassam Yousif, "Aspiration and Reality in Iraq's Post-Sanctions Economy," Middle East Report 266 (Spring 2013): 10-13. See also Christopher Parker and Pete Moore, "The War Economy of Iraq", Middle East Report 243 (Summer 2007): 6-15.

بۆ زیاتر سەبارەت بە ئابووری سیاسی کوردستانی عێراق، بڕوانە:
M. Leezenberg, "Urbanization, Privatization, and Patronage: The Political Economy of Iraqi Kurdistan," in The Kurds: Nationalism and Politics, eds. F. Abdul-Jabar & H. Dawod (London: Saqi Books, 2007), 151-79.

23 - بۆ راڤەکردنی ئاسەوارەکانی چارەسەری بەشۆک ی دەسەڵاتی هاپەیمانی کاتیی، بڕوانە:
Bassam Yousif, "Economic Restructuring in Iraq: Intended and Unintended Consequences," Journal of Economic Issues 41 (2007): 43-60. Natali (ch. 4-5).
زۆربەی ئەو گێڕانەوەی بەدرێژی و بەزمانی ئینگلیزیی سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی ئابووری کوردستانی عێراقن، باس لە ئاسەوارەکانی چارەسەری بەشۆکی دەسەڵاتی هاپەیمانی کاتیی، ناکات.

24 - بەوەش، یاسای نەوتی فێرایەری ٢٠٠٧ کە کاریگەریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بەسەرەوە بوو، هیچ سنووردارێیەکی نەبەخشیوەتە قازانجی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان ، هەروەک "نائۆمی کڵین" مشتومڕی لەبارەوە کردووە:"یاساکە داوای کردووە کە یەدەگە

نەوتییەکـــان مـــوڵکی گشـــتی بێـــت لەعێـــراق ...لەکـــۆنترۆڵی دیمـــوکراتی بەدەر بیت "

The Shock Doctrine: The Rise of Disaster Capitalism (London: Allen Lane, 2007), 376-379.

[25]-Yousif, "Economic Restructuring."

[26]-IS AID/IRAQ 208: 15, quoted in Natali, 91.

[27] -Yousif (2007), 43. For a similar argument, see e.g., Josef Stiglitz, "Iraq's Next Shock Will Be Shock Therapy," Project Syndicate, 12 February 2004; available at http://www.projectsyndicate.org/commentary/iraq-s next-shock- will-be-shock-therapy, and Klein.

[28] -Natali, 82.

[29] -Ibid., 88.

[30] -Ibid., 94-95.

[31] International Monetary Fund, Selected Issues Country Report13/218(http://www.imf.org/external/pubs/ft/scr/20 1 3/cr 1 32 1 7.pdf), 37.

[32] -Natali, 100.

[33]-
http://www.krg.org/uploads/documents/Kurdistan_Investment_Guide_20 1 1 .pdf.

[34] - چـــاوپیکەوتن لەگەڵ راوێژکـــاری حکـــومەتی هەریمـــی کوردســـتان، سلێمانی، هاوینی ٢٠١٠.

[35] - بـۆ زانیـاریی ورد سـەبارەت بە بەرهەمهێنـانی نەوتـی عێراقیـی و بەشـی هەرێمە کوردییەکە تیایدا، بەتایبەت بروانە:

The International Monetary Fund country reports available through the IMF website, most recently, the July 2013 Selected Issues Country Report 13/218 (http:/ www.imf.org/external/pubs/ft/scr/2013/crl3218.pdf) (henceforth IMF 2013a) and the more elaborate report 13/217on the 2013 Article IV consultation (http://www.imf.org/ external/pubs/ft/scr/2013/crl 32 17.pdf) (henceforth IMF 2013b). See also Revenue Watch's economic overview for Iraq, which includes some references to the Kurdistan region, although here as elsewhere it is not entirely clear whether the data provided hold for Iraq as a whole or only for the part of the country under the direct control of Baghdad: http:// www.revenuewatch.org/countries/middle-east-and-north-africa/iraq/overview. Cf. also Peter D. Cameron, "Contracts and Constitutions: The Kurdish Factor in the Development of Oil in Iraq," International Journal of Contemporary Iraai Studies 5, no. 1 (2010): 81-98.

[36] - IMF (2013a), 4, 8.

[37] - Ibid., 6-7.

[38] - Ibid., 4.

[39] - Yousif (2013), 11.

[40] - چـــاوپێکەوتن لەگەل نـــوێنەری بیزنیزکـــاری بیـــانیی نادیـــار، هەولێـــر، یۆلیۆ ٢٠١٠.

41 - چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەریکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر، مایۆی ٢٠٠٩. بەهۆی فشاری بەردەوامی گۆڕانەوە، لەپاش ٢٠١٠، بودجەی هەرێمەکە لەپارلەماندا گفتوگۆی لەبارەوە کرا، هەرچەندە کە بۆ خەڵکەکە بەگشتی پەخش نەکرا. بەنامەیەکی هەفتانەی تەلەفیزیۆنی کە گۆڕان سپۆنسەری دەکرد گفتوگۆ و رەخنەی لەچەندین رووی بودجەکە کرد.

42- لەبەردەستدایە لە:

http://www.kurdistaninvestment.org/docs/Investment%20Factsheet% 20 English. Pdf

هەرچەندە، تەواوی لینکەکانی دیکەی ئەم پێپەری راستییانە بەوانەشەوە کە سەر بەوێبسایتی وەزرارەتی داراین ، یان بۆشەو یان بوونی نییە.

43 - IMF Public Information Notice 13/58, 21 May 2013.

44 - http://www.transparency.org/cpi2012/results.

45 - Ibid.

46 - بۆراپۆرتی کۆتایی (EITI) لەساڵی ٢٠١٠دا، کە لە١٥ی مایۆی ٢٠١٣دا بڵاوکراوەتەوەو فۆکوس لەسەر هەرێمی کوردستان دەکات، بروانە:

http://eiti.org/files/IEITI%202010%20English%20Final %Report%20%28 1 5%20May%2020 1 3%29.pdf.

47- EITI (2013), 66. 48 Cf. Dodge (2012), 173-174.

48- Cf. Dodge (2012), 173-174.

49 - هەروەها جوڵانەوە ئیسلامییە بیانییەکان، لەوانە جوڵانەوەی جیلیین/ گولەنییەکان /وەرگێڕ، لەناوچەکەدا چالاکن، بەڵام پێدەچێت کە پاڵپشتییەکی لۆکاڵیی کەمتریان هەبێت. من لێرەدا مشتومڕ لەسەر چالاکییەکانیان ناکەم.

50 - چەند چاوپیکەوتنێک لەگەڵ سەرچاوەگەلێکی کوردیی نادیاری سوریی، بیرۆت، نۆڤەمبەری ٢٠١٣.

[51] - لەمــاوەی ســاڵانی هەشــتاکان و نەوەتەکــان، یەکەکە بــوونی خــۆی لەبەشــە کوردنشــینەکانی بــاکووری ســوریا پاراســتبوو، کە جۆریــک چاوپۆشــی فەرمیــی هەبــوو، هەروەهــا تــوانی لاوانــی کــوردی لۆکــاڵی ئەو ناوچــانە لەریزەکــانی خۆیــدا رێکبخــات. ئەوەی رژێمــی ســوریی لەمــپەری نەخســتەبەردەم، هەرچەنــدە، چالاکییەکــان لەتەواوی لەســەر تورکیــا وەســتاوە، بە پلەیەکــی کەمتــریش لەکوردســتانی عیراقــدا، هەروەهــا هەوڵــی کــۆنکرێتیی داوە بــۆ چــاککردن رەوشــی کــوردانی ســوریا. دوای رۆیشــتنی ئۆجــالان و مــاوەی پــاش ئەوە لە ١٩٩٨-١٩٩٩دا، پەیوەنــدییەکانی نێــوان یەکەکەو حکومەتی سوریی، تێکچوو.

[52] - Offra Bengio, "Will the Kurds Get Their Way?" The American Interest (November/December2012); cf. Natali (103).
ئەمــانە کە جەخــت لە زێــدەبوونی ســەرەوەریی نێوخــۆیی هەرێــمەکە دەکەنەوە لەســالی ٢٠٠٣وە، بەڵام ئەوەش زێــدە دەکەن کە ئەو فــاکتەرانەی بــووە هــۆی پێکهاتنی ئەم نیمچە دەوڵەتە،

[53] - بۆ کۆنگرەکەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ بڕوانە:
On the October 2012 conference, see
A. Barzani, “AKP and Iraqi Kurds: The Participation of Massoud Barzani in the AKP General Conference,” Today’s Zaman, 2 October 2012;
available from http://www.todayszaman.com/news-294091-akp-and-iraqi-kurds-theparticipation- of-massoud-barzani-in-the-akp-general-congress-by-aziz-barzani*.html;
بۆ دیدارەکەی دیاربەکریش بڕوانە:
Cengiz Çandar, "Erdogan- Barzani 'Diyarbakir Encounter Milestone," al-Monitor, 20 November 2013; available from http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2013/ 11 /erdogan-barzani-kurdistan-diyarbakir-political decision.html.183